# عیشقی خودا لە نێوان مەولەوی تاوگۆزی و مەولانای ڕۆمیدا

م.ئەرکان حسێن صبری

زانکۆی گەرمیان، کۆلێژی پەروەردە، بەشی زمانی کوردی.

د.شەیدا ڕەشید محمد

زانکۆی گەرمیان، کۆلێژی پەروەردە ،بەشی زمانی کوردی.

**ڕێکەوتی وەرگرتنی توێژینەوە ٢٠٢٤/١٠/١٢ ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی توێژینەوە ٢٠٢٥/٠٦/٢٢**

**پوختەی توێژینەوە:**

عیشقی ڕاستەقینە عیشقە بۆ خوداوەند, ئەگەر عیشق بە مانایەک بەرهەمی سەرسامبوون بێت بە جەماڵ و جوانی مرۆڤ و مەخلوقات یان جوانی ئاکار, ئایا خوداوەند سەرچاوەی هەموو جۆرە جوانیەکان نیە؟ بۆیە لای عاریفەکان عاشق بوون بە جوانی مەخلوقات ڕێگەی عاشق بوونە بەخوداوەند. دواجار ئەشقی خودایی ئەشقی مرۆڤ و سروشت و مەخلووقات و تەنانەت بەرد و دار و ئاژەڵیش بە دوای خۆیدا دەهێنێت, ئەگەر بڕوانینە عاشق و عاریفە گەورەکانی وەک ڕابیعەی عەدەوی و مەولانای ڕۆمی و حافیز و ئیبن عەرەبی و مەولەوی و مەحوی, دەبینین چ عێشقێکی قووڵ بۆ مرۆڤ و مەخڵووقات لە هەناویاندا کڵپەی کردووە, تائاستی پەرۆشی بۆ نەیاران و ناحەزانیشیان. عیشقی ڕاستەقینە شۆعلەوەربوونە بە ناوەکانی خوداوەند, ئاوێتەبوونە پێیان, تا بەوە دەگات کە خوداوەند بفەرموێت ( من دەبم بە چاوی ئەو بەندەیەم کە پێی دەبینی و بەو دەستەی کە پێی دەگرێ و.... ) تا کوتایی فەرمووده قودسییەکە, ئەمەش پایەی بە وەلی بوونە, ئەولایای خودا لەلای خەڵکیش ئەولیان, خودا لە ناو خەڵکیشدا جاری خۆشەویستییان بۆ دەدات.

بۆیە لەم سۆنگەیەوە توێژینەوەکەی ئێمە باسکردنە لە ( عیشقی خودا لە نێوان و مەولەوی تاوگۆزی و مەولانای ڕۆمی )دا، بریتیە لە توێژینەوەیەکی بەراوردکاری و دابەش دەبێت بەسەر دوو بەشدا:

بەشی یەکەم باسکردنە لە چەمك و ماهیەتی عیشق، دەبێتە دوو تەوەر، تەوەری یەکەم پێکدێت لە باسکردن لە زاراوە و چەمکی عیشق، تەوەری دووەمیش تەرخان کراوە بۆ جۆرەکانی عیشق.

بەشی دووەم بریتیە لە سێ تەوەر، تەوەری یەکەم باسکردنە لە عیشقی خودایی لای مەولەوی، تەوەری دووەم هەمان باس لای مەولانا، تەوەری سێیەمیش پێکدێت لە پیشاندانی خاڵە هاوبەش جیاوازەکانی نێوان هەردوو شاعیر لەسەر ئەم جۆرە لە عیشق. لە توێژینەوەکەدا میتۆدی وەسفی شیکاری بەکارهێنراوە. لە کۆتایشدا ئەنجام و سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و عەرەبی خراوەتەڕوو.

کلیلە وشە:(خودا، عیشق،ئاین، مەولەوی،مەولانا، مەعشوق )

**پێشەکی**

خودای میهرەبان مرۆڤی لە خۆڵی زەوی دروست کرد و لە ڕۆحی خۆی فوی پیاکرد، بۆ ئەوەی مرۆڤێکی خوا ڕەنگ لە سەر زەوی بێتە کایەوە. هەندێك لەم مرۆڤانە ڕێگەی گەڕانەوەیان بۆ لای خاوەنی ئەم عیشقە گرتەبەر بۆ ئەوەی پێیبیگەنەوە، ڕێگەیەك کە پڕە لە سەختی و دژواری و تاقیکردنەوەی قورس و تاقەتپڕوکێن، بەڵام بە گیان و دڵ ڕازی بوون بەم هەموو سەختیە و وازهێنانیان لە گیانی خۆیان ڕاگەیاند بە کردەوە بۆ ئەوەی بگەنە خاوەن و یارەکەیان. عیشقی خودا یان مەعشوقی حەقیقی دەبێتە یەکێك لەو دەیان جۆرەی عیشق کە مرۆڤ دەیەوێت وێنای بکات و ئەزمونی لێوەربگرێت.

**گرنگی توێژینەوە:**

عیشقێك بۆ ئەوەی بتوانیت قسەی لەسەر بکەیت، هەروەها بە ڕێبواری ئەم ڕێگەیە دابنرێیت، پێویستە پیایدا تێپەڕبییت و ئەزمونی بکەیت. عیشق بە شێوەیەکی گشتی، عیشقی خودا بە شێوەیەکی تایبەتی سەر بەو جۆرە کارانەیە چەشتن قسەی یەکەمی تیادا دەکات، نەك وتن. بابەتێکە مەولانا وتەنی :

**هەر چ گویم عشق را شرح و بیان چون بە عشق ایم خجل باشم از ان**

واتە: هەرچەند باسی عیشق بکەم و ڕونی بکەمەوە، کە گەشتمە عیشق ئیتر خەجاڵەت دەبم و توانام نامێنێت و دۆشداماوم. مەولەوی تاوگۆزی و مەولانای ڕۆمی دوان لەو ڕێبوارە عاشقانەی ڕێگەی عیشقن، کە بە ژیانی کردەیی خۆیان و دواتریش لە شیعرەکانیاندا، عیشقی خودا و گەیشتن بە دیوانی حەزرەتی حەق ڕەنگیداوەتەوە.

میتۆدی توێژینەوەکە:

لە توێژینەوەکەدا میتۆدی وەسفی بەراوردکاری بەکارهێنراوە.

ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:

توێژینەوەیە کارکردنە لە شیعرەکانی هەردوو شاعیردا بۆ خستنەڕوی ئەم جۆرەی عیشق و وێناکردنەکانی خودا لە شیعرەکانیاندا. توێژینەوەکە پێك دێت لە دوو بەش:

بەشی یەکەم باسکردنە لە چەمك و ماهیەتی عیشق، دەبێتە دوو تەوەر، تەوەری یەکەم پێکدێت لە باسکردن لە زاراوە و چەمکی عیشق، تەوەری دووەمیش تەرخان کراوە بۆ جۆرەکانی عیشق.

بەشی دووەم بریتیە لە سێ تەوەر، تەوەری یەکەم باسکردنە لە عیشقی خودایی لای مەولەوی، تەوەری دووەم هەمان باسە لای مەولانا، تەوەری سێیەم پێکدێت لە پیشاندانی خاڵە هاوبەش جیاوازەکانی نێوان هەردوو شاعیر لەسەر ئەم جۆرە لە عیشق. لە کۆتایشدا ئەنجام و سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و عەرەبی خراوەتەڕوو.

**بەشی یەکەم : چەمك و ماهییەتی عیشق**

**تەوەری یەکەم / زاراوە و چەمکی عیشق:**

**أ- زاراوەی عیشق:**

زاراوەی عیشق لە ڕوی زمانەوانییەوە و باسکردن لێی بریتییە لە ناسینی وشە و زاراوەکە، بۆ ئەوەی وشەیەك بناسیرێت یان لێی بکۆڵرێتەوە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای وشەکە. سوهرەوەردی بیروڕای وایە (( وشەی عشق لە عەشەقەوە وەرگیراوە کە گیایەکە لە باخەکاندا دەڕوێت، لە بنەوای درەختەوە سەرهەڵدەدات خۆی لە درەختەکەدا بە گەشەکردنییەوە دەئاڵێنێت، تا وای لێدێت هەموو درەختەکە دادەپۆشێت، ئەوەندەش کاریگەری لە ڕەگ و بنەوای درەختەکە دەکات ئاو و خۆراکی پەیوەست بە دارەکەش بەرەو خۆی دەدزێت و تاڵانی دەکات و درەختەکەی لێ بێبەش دەبێت و درەختەکە وشك دەبێت ))(**نادر،63:2019**). یان دەوترێت (( دارێکە بە ناوی لاولاو کە دەلکێت بە دارێکەوە وشکی دەکات ))(**نوربخش،33:1384**). بەم پێیە بنجوبنەوانی وشەکە دەگەڕێتەوە بۆ دڵ و مامەڵەکانی لەگەڵ مەعشوقەکەیدا جا ئیتر ئەو بەرامبەرە یاربێت یان دایك، نیشتمان بێت یان مناڵ، یان بریتی بێت لە خودا، لێرەدایە الفراء بڕوای وایە (( عیشق ڕووەکێکی لینجە، واتە ئەو عیشقەی کە لە مرۆڤەویە، چونکە دەلکێت بە دڵەوە ))( **خورشید،34:2009**).

عیشق لە ڕوی زاراوەوە واتە زۆر هۆگر بوون و لە ڕادەبەدەر سەرقاڵبوون بە مەعشوقەوە، زیاد خۆشویستن و زیادەڕەوی لە خۆشەویستیدا، واتە عیشق ڕۆچوون و قاڵبوونەوەیە (**ئەدهەم،104:2018**).

بیر و ڕایەکی تر هەیە کە دەڵێت: ( وشەی عیشق هەرچەندە بە دەگمەن لە شیعری کۆنی عەرەبیدا هاتوە، لە قورئان و فەرمودەی پێغەمبەری خواشدا نەهاتوە تەنها لە یەك فەرمودەدا نەبێت کە فەرمودەکەی سوەیدی کوڕی سەعیدە، بەڵام لە بنەڕەتدا وشەیەکی عەرەبیە و لە فەرهەنگی عەرەبیدا بە چەند شێوەیەك مانا کە هەمویان دەگەڕێنەوە بۆ سەر یەك ڕاستی و یەك واتا دووبارەدەکەنەوە، واتاکە بریتیە لە زۆر خۆشویستنی شتێك یان مرۆڤێك ...)(**خورشید،34:2009**).

وشەی عیشق لە فەرهەنگدا بە کۆمەڵێك مانا هاتوە، لەوانە ( عیشق واتە شەیدایی و خۆشەویستی )(**هەرشەمیی،898:2022**). ( ئەوین و دڵداری و ئەڤین )(**روحانی،1810:1398**). هەروەها بە مانا گەلی ( خۆشەویست، محبت، هاوجێی، شتی جوان .... )(**جەوشەنی،1643:2015**) بەکارهاتوە. لە فەرهەنگی پیراندا عیشق وێنا کراوە ( عیشق باڵاترین پلەی ناسین و خۆشەویستییە، لە تەسەوفیشدا کاری عارف و ئەولیاکانە، ئەوانەی توانای دەست بەرداربوونیان لە هەموو شت هەیە، بۆ دەستگرتن بە زاتی خوداوە )(**کەسنەزانی،-بەرزنجی،760:2023**).

لێرەوە دەردەکەوێت کە بۆچون لەسەر بناغەی وشەکە زۆرە و هەر لێکۆڵەرێك لە روانگەی خۆیەوە باسی دەکات و لە کاتی بەکارهێنانیدا مانای جیاواز لە خۆیدەگرێت، بۆ نموونە کاتێك وشەکە بەرامبەر دایك بەکاردەهێنین جیاوازە

لەبەرامبەر بەکارهێنانی بۆ منداڵ یان خاك و نەتەوە، هەروەها جیاوازە بەکارهێنانی بۆ عیشقی زەمینی یان ئەوەی پێیدەوترێت بۆ یار، لە هەمانکاتدا بۆ خودا و عیشقی حەقیقیش جیاواز دەبێت.

**ب- چەمك و پێناسەی عیشق:**

سەبارەت بە پێناسەی عیشق چەن راوبۆچونێك وەردەگرین لەوانە ( جەوهەری لە ( الصحاح )دا دەڵێت (( العشق فرط الحب ))(**خورشید،35:2009**) واتە عیشق ئەو پەڕی ئەڤین و خۆشەویستیە . یان ( عیشق پلەی باڵای مەحببەتە، عیشق لە زەمەن و زۆن ناپرسێت، عیشق کاری لەو دیو کات و شوێنەوەیە )(**شاهین،16:2012**) . شێخ نورەدینی بریڤکانی پێی وایە (( عەشق بریتیە لەوەی مرۆڤ دەگەیەنێت بە ئامانج و مەبەستی کۆتایی ئەویش بە هۆی ئەو مەعریفەیەوە کە لە ڕێگەی ( کەشف و شهود و ئیشراق )، کەشف ( بریتییە لە دەرکەوتنی پەردە پۆشی لە دڵی بەندەدا، قەیسەری گوتوویەتی کەشف لە زاراوەدا لابردنی پەردەیە، لە زاراوەی عاریفەکانیشدا ئاگاداربونی ئەودیو پەردەیە )(**شوان،280:2010**)، شهود ( لە زاراوەدا بریتیە لە بینینی حەق، دنیایی شهودیش واتە ئەو دنیایەی کە بکرێت ببینرێت )(**سجادی،516:1393** )، ئیشراق ( واتە ڕوناکیدانەوە و کۆی بوونەوەرەکان لە نورەوە دروست بوون )(**کەسنەزانی و بەرزنجی**،157:2023)، ەوە بە بینینی جوانی خودا دەگات ))(**حسن،203:2018**).

مەولانا لە مەسنەویەکەیدا لە دەفتەری یەکەم بەیتی (70) دەڵێت (( ئەوەی لە بوندا هەیە و هەبوی ڕاستەقینەیە و زیندوە بریتیە لە خودا کە بە مەعشوق ناوی دەبات، مرۆڤی عاشقیش بە بێ مەعشوق جەستەیەکی بێگیانە ))(**شکار،193:2014**). دکتۆر ئیبراهیم ئەحمەد شوان ڕای وایە ( عەشق بریتیە لە حەز و ئارەزوکردنێکی زۆر لە شتێك، عەشق ئاگرێکە لە دڵ بەردەبێت و دولبەر دەسوتێنێت، عەشق دەریای بەڵاو و شێتی خواییە و وەستای دڵە لەگەڵ مەعشوقدا بە بێ پێناو، عەشق دەبێتە حەقیقی و مەجازی، حەقیقیەکە خواییەکەیە و مەجازیەکەش مرۆڤیەکەیە و زۆر جاران بەرەو حەقیقیەکە دەچێت )(**شوان،240:2010**). ئیبن سەیدە دەڵێت: (( عیشق سەرسامبوون بوونی خۆشەویستە بە خۆشەویستەکەی بۆ خۆشەویستی پاك ))(**خورشید،34:2009**). ئیبن عرەبی باس لەوە دەکات ناکرێت عشق بخرێتە چوارچێوەی پێناسەکردنەوە (( هەر کەس پێناسەی عیشق بکات، عیشقی نەناسیووە، کەسێکیش لە پیاڵەی ئەو قومێکی نەچەشتبێ ئەوی نەناسیووە، کەسێکیش بڵێ من لە جامی ئەو تێراو بووم ئەوی نەناسیووە، چونکە عیشق شتێك نییە کەسێك تێراو بکات ))(**شکار،38:2014**)،یان بڕوانە(**یثربی،56:1387**). رابیعەی عەدەوی باس لە عیشقی خودای دەکات و بە دوو جۆر باس لەو عیشقە دەکات و دەڵێ (( خوایە ئەگەر لە ترسی دۆزەخ تۆ دەپرستم لە دۆزەخ بمسوتێنە، وە ئەگەر لەبەر ئومێدی بەهەشت تۆ بپەرستم لە منی حەرام بکە، بەڵام ئەگەر تۆ بۆ جوانی هەمیشەیت بپەرستم لەوە بێبەشم مەکە))، هەروەها دەڵێ (( خوایە هەرچیت بۆ من لەم دونیا بڕیارداوە بە دوژمنەکانمی ببەخشە، هەرچی لەو دنیا بۆ منت داناوە بە دۆستەکانی خۆتی بدە، من تەنها تۆم بەسە ))(**شکار،39:2014**)، یان بڕوانە (**حلمی،58:1960**). حەلاجیش باس لەوەرگرتنی سیفەتەکانی مەعشوق دەکات و دەڵێت: (( حەقیقەتی خۆشەویستی ئەوەیە سیفاتەکانی خۆت دابنێیت لە بەرانبەر سیفاتەکانی خودادا ))(**ماسینیون و بول،35:2006**).

خوسرەو جاف ڕای وایە ((عیشقی خودایی وەك ئاوی دەریا و ئۆقیانوسەکانی تینوێتی ناشکێنێ و تینوترت دەکات، عیشق لەو ئۆقیانوسە بەربڵاوترە تا بەدوایدا بڕۆیت زۆرتر نیازمەند دەبیت ))(**جاف،98:2015**). بابا تاهیری هەمەدانی دەڵێت (( سووتان دوو جۆرە، سوتان بە ئاگر و سوتان بە نوور، ئەو کەسەی لە ئاگردا دەسوتێت دەبێتە خۆڵەمێش و نرخێکی نییە. ئەو کەسەی لە نووردا دەسوتێت دەبێتە چرایەکە خەڵکی ڕووناکی لێوەردەگرن، مەبەست ئاگر هەواو و شەهوەت و ئارەزوە، مەبەست لە نووریش عیشق و مەعریفەتە ))(**ئەدهەم،28:2017**). عارفێك دەفەرموێت (( ترس ئاگرێکی ڕووناکە، سکاڵا نورێکی ڕووناك، عیشق و موحیبەتیش ڕووناکی ڕووناکییەکانە ))(**احمدی،45:1392**).

**تەوەری دووەم/ جۆرەکانی عیشق:**

ئیسترنبێرگ بە تەواوی جۆرەکانی عیشق ڕوون دەکاتەوە، دەتوانین لە لایەنە زۆرەکانی بکۆڵینەوە، لە تیۆری عیشقی ئیسترنبێرگدا، سێگۆشەیەك بوونی هەیە کە هەریەک لە پێکهاتەکانی ئینتیما و شەهوەت و پابەندبوون لە یەکێک لە لوتکەکانی سێگۆشەکەدا هەڵکەوتوون، بۆیە بۆ دروست بوونی عیشق و خۆشەویستی تەواو بە تێکەڵبوونی هەر سێ پێکهاتەکە بەدەست دێت. پێکهاتەی ئینتیما بریتییە لە تێکەڵبوون لە بابەتە سۆزدارییەکان و وابەستەیی سۆزداری دوو کەس بە یەکتر و سەرهەڵدانی پەیوەندییەکی دۆستانەی گەرم و گوڕ. پابەندبوون پەیوەندییەکی نزیک و هەستکردنە بە وابەستەیی دڵسۆزانە و هاوبەشکردنی تایبەتترین و قووڵترین بیرکردنەوەکان لە نێوان دوو کەس وەک میهرەبانی، هەستکردن و دەربڕینی سۆز و حەز، هاوسۆزی و دڵتەنگی، گرنگیدان و گرنگیدان بە یەکتر، تێگەیشتن و ڕێزگرتنی یەکتر بۆ یەکتر(گلسر،92:1396). شەهوەت ئاماژەیە بۆ پێکهاتە وورووژێنەرەکانی پەیوەندییەکی سۆزدارانە(استرنبرگ،122:1396).

لە ئەگەری تەنها یەک پێکهاتە هەبێت یان بە تێکەڵکردنی دوو پێکهاتە، عیشقێک دروست دەبێت تەواو نییە. عیشقێک تەواو تێکەڵەیەکە لە هەر سێ پێکهاتەی ئینتیما و شەهوەت و پابەندبوون. بۆیە دەتوانرێت بڵێین پەیوەندییەکان هەم لە ڕووی ناوەڕۆك و هەم لە ڕووی فۆرمەوە جیاوازن. جۆرەکانی عیشق بە پێی ئەم سێگۆشەیە بریتیە لە:

**یەکەم/ عیشق و خۆشەویستی بەتاڵ یان پوچ:** لایەنەکان یەکتریان خۆشناوێت گرنگی بە یەکتر دەدەن تەنها لەبەرئەوەی ئەوان بەهۆی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە ژیانیان یان منداڵەکانیان هەیانە، لەم جۆرە عیشق و خۆشەویستییەدا تەنیا توخمی "پابەندبوون" هەیە (فیشەر،131:1397).

**دووەم/ عیشق و خۆشەویستی دۆستانە:** تەنیا توخمی "ئینتیما" بوونی هەیە و خاڵییە لە پابەندبوون و سەرنجڕاکێشانی سێکسی و تەنیا لەسەر مۆری هاوڕێیەتی دوو کەس دامەزراوە. ئەم عیشق و خۆشەویستییە هاوڕێیەتییەکی قووڵ و ڕاستەقینەیە(حسین و ئەوانی دیکە،89:1400).

**سێیەم/ عیشقی سەودایی:** تەنها شت کە دەتوانرێت ببینرێت لەم جۆرەدا بریتیە لە شەهوەت. ئەم عیشقە بناغەیەکی لەرزۆکی هەیە و هەرکات ئەگەری دارمانی لێ چاوەڕوان دەکرێت(مجد،83:1390).

**چوارەم/ عیشقی هاوڕێیەتی:** جۆرێکی تری عیشقە، کە پێکهێنەرەکانی بریتین لە پەیمان و پابەندبوون. بە بڕوای ئیسترنبێرگ ئەم عیشقە تووشی دارمان نایەت و لایەنەکان بەردەوامن لە پەیوەندییەکەی خۆیان بەو دڵسۆزی و بەرپرسیارێتییەی کە لە بەرامبەر ئەرکەکانیاندا هەیانە (هەمان سەرچاوە:85).

**پێنجەم/ عیشقی گەمژانە:** یەکێکی ترە لە جۆرەکانی عیشق بە تێکەڵکردنی پێکهاتەکانی پابەندبوون و شەهوەت دروست دەبێت. لەم جۆرەدا ئەو فاکتەرەی کە دەبێتە هۆی بەردەوامبوونی پەیوەندییەکە زیاتر ئەو پابەندبوونەیە کە لایەنەکان بەرامبەر بە یەکتر هەیانە و ئەو شەهوەتەی کە هەیە بە بێ هەبوونی سۆز دەبێت **(حسین و ئەوانی دیکە: 90).**

**شەشەم/ عیشقی ڕۆمانسی:** ئەوەی ئەم عیشقە دروست دەکات پێکهاتەکانی ئینتیما و شەهوەتە. ئەم جۆرە دەبێتە هۆی دروستبوونی نائارامی، دڵەڕاوکێ و بێزاری بەهۆی نەبوونی پابەندبوون لە نێوان لایەنەکاندا کە دەبێتە هۆی ناڕازیبوون لە پەیوەندییەکە، چونکە عیشقی ڕۆمانسی لە بنەڕەتدا بۆ یارمەتیدان و پاراستنی پەیوەندییەکی سەقامگیر و بەردەوام، نەهاتووە، بەڵکو وروژاندن لەسەر بنەمای ڕاکێشانی ئارەزوویی جەستەیی دامەزراوە **(فیشەر،127:1397).**

**حەوتەم/ عیشقی تەواو:** باشترین جۆری عیشقە کە لە ئەنجامی تێکەڵبوونی هەر سێ پێکهاتەکە دێتە ئاراوە. بە بڕوای ئیسترنبێرگ ئەم جۆرە عیشقە ئایدیاڵە. لەم جۆرەدا کامڵبوون و پێگەیشتن ڕێگەی خۆیان دۆزیوەتەوە، هیچ ڕێگەیەک بۆ تێکچوون و جیابوونەوە نییە و نموونەکەشی لەم پێناسەیەی ئێریک فرۆمەوە ڕەنگ دەداتەوە، کە دەڵێت "عیشق واتای بەرپرسیارێتی، خەمخۆری، ڕێزگرتن، زانین، ئازادی و گەشەکردن و پەرەسەندن بۆ ئەوانی تر**(فروم،125:139ە8).**

جۆرەکانی عیشق لای عاریفەکان جیاوازتر وێنا کراون و خراونەتە ڕوو. هەندێکیان ئایەتی ( يحبهم و يحبونه )**(مائدە،54:5)**، هەندێکیشیان حەدیسی قودسی ( كنت كنزا مخيفا .... )**(میراخوری،296:1387)** دەکەنە پێوەر بۆ پیشاندان و وێناکردی ئەم عیشقە لە نێوان خودا و بەندەکانی، بەندەکان لە نێوان خۆیاندا. عاریفی گەورەی ئێرانی روزبهان بقلی بڕوای وایە عیشق تەنها خۆی پێناسەی خۆی بکات، دەڵێت: (( تەنها عیشق و خۆشەویستی دەتوانێت پێناسە و وەسفی عیشق و خۆشەویستی بکات))**(بقلی،7:1351)**. ئەم خواناسە گەورەیە پێی وایە جۆرەکانی عیشق و خۆشەویستی بریتین لە:

(( **یەکەم/ عیشقی ئیلاهی:** کۆتای مەقامەکانە و تایبەتە بە ئەهلی چاودێری و یەکتاپەرستی و حەقیقەت. ئەم خۆشەویستیە لە دەرەوەی جیهانی سروشتییە و خۆشەویستییەکی تەواو پاکە

**دووەم/ عیشقی ڕۆحانی:** بۆ مرۆڤە تایبەتەکانە، کە بە ئاگری هەوڵدانیان سروشتی مرۆیی خۆیان بسوتێنن و لە حەز و ئارەزوو خۆیان بەدوور بگرن، عیشقی ئەمانە دەگاتەوە عیشقی ئەهلی مەعریفەت و زانین

**سێیەم/ عیشقی عەقڵی:** لە ڕەوتی عەقڵی تەواوەتی لە تەنیشت نەفسی قسەکەر لە جیهانی مەلەکوتدا سەر هەڵدەدات ئەمە سەرەتای خۆشەویستی خوداییە.

**چوارەم/ عیشقی سروشتی(طبیعی):** ئەم جۆرە بۆ مرۆڤە ئاساییەکانە، ئەگەر لەم جۆرە خۆشەویستییەدا زاڵبوونی عەقڵانیەت و ڕۆحانیەت هەبێت، ئەوا پەسەندە، ئەگەر نا مەیلی بەرەو سروشتە جەستەیی و فیزیکیەکە دەکشێت.

**پێنجەم/ عیشقی ئاژەڵی(بهیمی):** ئەمەیان تایبەتە بە مرۆڤە نزمەکان، ئەمەش بەهۆی ئارەزووی نەفسی تاوانکارەوە دروست دەبێت، بەڵام ئەگەر ئەم عیشقە لاوازە دوای قسەکردن لەگەڵ خۆشەویست و هاودەم بوون لەگەڵی لە دونیای مرۆڤە عاقڵەکان و لە چاوی شەریعەتدا خۆی ببینێتەوە، ئەوا جێگەی سەرزەنشت نییە.)) **(بقلی، 1383: 15، 17 ).**

ئیبن عەرەبی عیشق و خۆشەویستی بە پرەنسیپی بوون دەزانێت، پێی وایە خۆشەویستی ( الحب ) پێگەیەکی ئیلاهییە، خودا خۆی بە (ودود) زۆر خۆشەویست و میهرەبان ناو بردووە، هەروەها خودا بە خۆشەویست (محب) ناوهێنراوە، ئاماژە بەم فەرموودەیەی پێغەمبەر محەمەد کە ( ان الله جمیل و یحب جمال ) خودا جوانە و جوانیشی خۆشدەوێت**(ابن عربی،1270: 322)**. بە بڕوای ئیبن عەرەبی عیشق دابەش دەبێت بۆ:

**یەکەم/ (حب) یان خۆشویستن:** بەمانای پاکیەك لەدڵدا دێت، عشق خاوەنی هیچ ئیرادەیەك نییە لەبەرامبەر معشوق و خۆشەویستەکەیدا .

**دووەم/ ود:** میهرەبانی زۆر کە ناوی خودایە ( ودود )، بریتییە لە بەخششەکانی خودا کە لەودا جێگیر بوە.

**سێیەم/ عیشق:** زیادەڕۆییە لە خۆشەویستیدا. پێمانگەیشتوە کە خودا خۆی زۆر بە خۆشەویست وەسف کردووە، بەڵام ناوی خۆشەویستی و عاشق لەسەر خودا بەکارناهێنرێت. لە خۆشەویستیدا سۆز و خۆشەویستی بە شێوەیەک ڕوو لە خۆشەویست دەکات کە لەگەڵ هەموو بەشەکانیدا تێکەڵ دەبێت و بە توندی لە باوەشی دەگرێت.

**چوارەم/ هەوا یان داواکاری یان ئارەزوو:** بریتییە لە تەرخانکردنی هەموو ئیرادەیەک بۆ خۆشەویست، هی ئەو بێت لە سەرەتای ئەوەی لە دڵدا ڕوودەدات**(هەمان سەرچاوە،323).**

جامی عیشقی ئیلاهی بە عیشقی تەواو دەزانێت و خۆشەویستانیش دابەشی چوار گروپ دەکات، ئەوانیش بریتین لە:

**یەکەم/ دڵ گەشاوەکان:** کە ڕۆحی پاکیان لە شەهوەت پاک بووەتەوە و دڵی پاکیان لە پیسبوونی سروشتدا مردووە، جگە لە چاودێریکردنی ڕووخساری دروستکراو لە دەرکەوتەکانی دروستکردندا هیچی تر ناکەن.

**دووەم/ پاکەکان:** کە ڕۆحیان پاک بووەتەوە لە یاساکانی زۆری و لادان، تاریکی و گێژاوی سروشت بە گشتی، بەهۆی خەمخۆری بێباکانە یان بەهۆی ماندووبوون و خۆپاریزییەوە.

**سێیەم/ کەسانێک کەمێک ڕەنگی عیشقیان گرتووە:** خۆشەویستی چەندین ئەرکی هەیە، گرنگترین ئەرکیان خۆ لەناوبردنە لە سیفەتەکانی وەک خۆپەرستی، ڕق لە دونیا، خۆشەویستی جیهان، چێژوەرگرتن بە گشتی، چێژویستن و پەرەستنی لەزەتیان لە خۆیاندا لە ناو بردووە.

**چوارەم/ ناپاکەکان:** کە نەفسی ئەمارەیان زیندووە و ئاگری حەزیان نەمردووە، کەوتوونەتە قوڵایی سروشتەوە، لە زیندانی دڕندەیەکدا جلیان لە بەردایە، وەسفی خۆشەویستی و سۆز بەدەرە لێیان و جەوهەری بەزەیی و ناسکی لەواندا شاراوەتەوە، خۆشەویستە ڕاستەقینەکەیان بە تەواوی لەبیر کردووە و ئازیزانی مەجازییان لە باوەش گرتووە. **(جامی،1379: 352)**

**بەشی دووەم/ عیشقی خودا لای مەولەوی و مەولانا:**

بە بڕوای زۆرینەی زاناکان و نووسەرەکان و شاعیرەکان و ئەوانەی کە بیر دەکەنەوە و دەیانەوێت چەمکەکان بناسێنن تەنها چەمکێك گرانە دەست گەیشتن بەماناکەی، بە شێوەیەکی تەواو ڕوون .

ئەمە چ جۆرە هەستێکە مرۆڤ تا ئێستا نەیتوانیوە ئەم هەستە ئاشکرا بکات. لە دنیایەکدا کە هەموو چەمکە بچوك و گەورە و گرانەکان لە حاڵەتی کەشف و بڵاوبوونەوەدان، بەڵام چەمکێك تا ڕادەیەکی زۆر بە نامۆیی ماوەتەوە بریتیە لە عیشق. لەبەرئەوەی ناتوانرێت و بزانرێت و دیاری بکرێت عیشق چییە و پێوانەکانی عاشقبوون کامەیە و تایبەتمەندیەکانی چین، هەندێك پرسیار دێنە پێشەوە لەوانە، ئایا هەموو ئەو هەستانەی کە هەمانە ناویان عیشقە، ئەگەر عیشق نییە، چیە؟ یان چۆن بتوانین عیشقی ڕاستەقینە و حەقیقی ببینین. مرۆڤ لە سەرەتای بونەوە خاوەنی عیشق بووە ئەمەش وای کردووە بە ئەندازەی ژمارەی مرۆڤەکان پێناسەی جۆراوجۆرمان بۆ عیشق هەبێت. لێرەوە دەمانەوێت تێڕوانینی هەردوو شاعیر لەسەر ئەم بابەتە بخەینەڕو:

**تەوەری یەکەم/ عیشقی خودا لای مەولەوی:**

دونیای شیعری مەولەوی، بە وێنەی ڕوبارێکی بە هاژە و بەسامە، خوێنەر و لێکۆڵەرێکی زرنگی دەوێت، لە گەردەلوولی زمانە عیرفانی و فەنیەکەی سەر دەربکات. بەتایبەتی بابەتی عیشق بە جوانترین شێوە لە دەقەکانیدا خۆی دەنوێنێت. پەیوەندیەکی بەتین و قوڵ لە نێوان شاعیر و عیشقدا هەیە، دەتوانین بڵێین ژیانی مەولەوی بە عیشق دەست پێدەکات و بە عیشق کۆتایی دێت.

عیشق لە ڕوانگەی مەولەوییەوە دوو جورە :

**أ/ عیشقی مەجازی:** ئەم عیشقە لە ڕوانگەی مەولەوییەوە ناتوانرێت عشقێکی پاك نەبێت (عیشقی مەجازی فێرگەیەکی سەرەتاییە لە عیشقدا، یەکەم بوارە، دەستنوێژ هەڵگرتنێکە لە دەریای عیشق)**(فەریوەر،1991: 279)**. بۆ زیاتر ڕونبونەوەی ئەمە لای شاعیر باس لە دوو واتا و دەرکەوتەی عیشقی مەجازی دەکەین لە شیعرەکانیدا :

**یەکەم/ باڵای یار:** مەولەوی لە باسی عیشقی مەجازی و زەمینیدا بۆ کێشانی وێنەگەلێکی جیاواز، وەك نیگارکێشێکی بەتوانا شێوەی یار دەکێشێت و باس لە ناز و عیشوە و باڵای و ..... هتد دەکات، هەروەها ئەم هەموو تایبەتمەندیەی یار چۆن دەبێتە هۆی تیر باران کردنی دڵی عاشق، لەم چوارینەیەدا دەڵێت:

**دڵ مدۆ وە دەم نێشی ئێشەوە بی وە قەزای سەخت دیدەی وێشەوە (مەولەوی،115).**

واتە: باڵای ئاڵ و نازاری ئەو شۆخە سەد بەڵای پێوەیە، کە ئەم بەڵایانە دوکانی شادی و بەزم و خۆشی عاشقەکانی تێك دەدات، دڵی خەڵك بە چز و پێوەدانەکانی خۆیەوە سەرقاڵ دەکات، نەك هەر ئەوانی تر بەڵکو خۆیشی گرفتاری نازی چاوەکانی خۆی بووە. شاعیر یارەکەی وا باس دەکات بە یەك نیگا و بە یەك لاکردنەوە چزی خۆی لە دڵی دڵدار دەدات و دەیخاتە ژێر ئازار و ئەشکەنجەی عیشق و خۆشەویستیەوە.

**دووەم/ دائیرەی خورشید:** تاوگۆزی گۆنای یار و ڕووی یار دەشوبهێنێت بە خۆر، چۆن کاتێك یار غەمێکی هەبێت گۆنای سور هەڵدەگەڕێت، ئەم سورییەی چواندوە بە خۆر. دەڵێت:

**پەشێوی وە نەزم لوولووی ئەسرین دا پەروین دائیرەی خورشید تەزیین دا**

**جای ناخوون وە خوون ئەو گۆنای بێگەرد ئیشارەت وە مانگ مەینەتی دڵ کەرد**

**شیرینی قامەت قیامەت نەوەرد سەڵای فەرزی بەرگ ئازیەتی ئاوەرد (مەولەوی،141).**

واتە: یار تازیە بارە و فرمێسکەکانی بە وێنەی ئەستێرە بە ڕوومەتیا دێنە خوارەوە، لەگەڵ ئەوەی کە تازیە بار و غەمبارە جوانیەکانی لە دەست نەداوە، ئەم دەنکە فرمێسکانە ڕووی یاریان وەك ڕۆژ ڕازاندوەتەوە، کە نینۆکی لە خۆی داوە لە تاو غەم و خەفەتەکەی، جێ نینۆکەکانی وەك مانگی یەکشەوە کە وەك خەتێکی باریك بە دەم و چاوییەوە کەوتون و شوێنەکەی دیارە، بە ڕۆیشتن و کۆچکردنی ئەم شۆخە نازارە، دەنگی بەرز وەك دەنگی بانگ بڵاوبویەوە و پۆشینی جلی ماتەم بۆ هەموان فەرز کرا. مەولەوی لەم شیعرەی سەرەوەدا وێنای ماتەمگێر و مردوو هەردوو لە وێنەی یاری کەم وێنەدا دەکێشێت، کە نمونەیەکی بچوکی لە عیشقی مەجازی لای شاعیر. دەبینن ئەم عیشقە لای عاریفێکی وەك مەولەوی بەم شێوانە لە دەقەکانیدا خۆی دەنوێنێ. بەهۆی ئەم مۆتیڤانەوە دەگات بە عیشقی مەجازی هەر ئەمانەیش زەمینەسازی عیشقی حەقیقیە، کە وابێت لە ڕوانگەی مەولەوییەوە مەعشوقی مەجازی ( لە ڕاستیدا پرشنگێکە یان جیلوەیەکە لە مەعشوقی حەقیقی و ڕێنوێنێکە بۆ دۆزینەوە و برینی ڕێگەی ڕاستی عیشق ) **(فەریوەر،1991: 280)**

**ب/ عیشقی حەقیقی:** مەبەست لەم عیشقە، عیشقی عیرفانی و خوداییە، زۆربەی دەقەکانی مەولەوی ئەم جۆرە عیشقە لە خۆدەگرێت. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ژینگە خێزانییە و ئەو ژینگەییەی تێیدا گەورە بووە، چونکە مەولەوی سەر بە تەریقەتی نەقشبەندی بووە، هەر زوو ئەم بیرە عیرفانییە بەرەو ئەوینی خودایی بردوە، وەك ئاگرێکی بەتین لە دڵ و دەروونی مەولەویدا کڵپەی سەندووە. عیشق لەم جۆرەدا (بزوتنەوەیەکی ئەویندارییە، هەوێنە، ژیانە، جوانترین و تەنیا ڕێگەی ڕۆیشتن بەرەو یەزدانە... بە بۆچوونی عاریفەکانیش سەرچاوەی بزوێنەری عیشق حوسنی خودایيە، جوانترین و کامڵترین مەعشوق هەر خودای سوبحانە) **(فەریوەر،1991: 141)**. بۆ ئەو مەبەستە لە دەقەکانی مەولەویدا ئەو مۆتیف و زاراوانە زۆردەبینرێت، کە تایبەتن بە دنیایی عیرفان وەك (مناجات، مەعسیەت، لوتف، نەجات، خەوف، ڕەجا، پەنهان ...)**(محەمەد،2018: 153)**.

ئەوەی ئێمە زیاتر دەمانەوێت لەم توێژینەوەدا تیشك بخەینەسەری عیشقی حەقیقیە، کە لای شاعیر بە زۆر شێوە دەردەکەوێت، وەك ئەمانەی لای خوارەوە:

**یەکەم/ مەعشوق وەك هەموو شت:** مەولەوی پێی وایە خودا یان مەعشوق لە هەموو بووندا هەیە، جا یان بە دەرکەوتنی ڕاستەخۆ، یان لە دروستکراوەکانیدا، کە ئەمەش ڕویدا ئەوەی دەمێنێتەوە لە شاعیر تەنها سێبەرە، وێناکردنیش وەك سێبەر بۆ هەموو شت جگە لە خودا خۆی پیشاندانی گەورەیی ئەو مەعشوقەیە کە بە دەرکەوتنی ئەوانی تر بوونی ڕاستەقینەی خۆیان لە دەست دەدەن، دەڵێت:

**ئەی گرد مەوجوودێ جەتۆ گرت مایە مەوجوود هەر تۆنی، ماسیوا سایە**

**پەنهان بێ تەنها، وەحدەتت مەوج وەرد پەی شناسایی ظهووریوەت کەرد(مەولەوی،1391:60).**

واتە: (مەولەوی گەیشتوە بە عیشقی حەقیقی، لە دەقەکاندا بەشێوەیەك قاڵبووە لەنێو عیشقی خودا، هەموو شتەکانی دەوروبەری وەك خەیاڵ و سێبەر دەبینێت، تەنها بوونی خودا ڕاستیە، گەورەی عیشق لای عاریفێکی وەك مەولەوی هەموو جوانیەکانی بەرهەمهێناوە لە غیابی عیشقدا جوانیەکان بونیان نابێت. ئەوە عیشقە مانا دەداتە جوانیەکان و بەهۆی عیشقەوە لە نەبوون دێنە بوون)(**شوان،2021: 47**)هەروەها بڕوانە(**شکار،214: 206**).

**دووەم/ فەزڵ و لوتفی مەعشوق:** مەولەوی لەم چەند دێرە شیعرەدا لە خوارەوە ئاماژەمان پێداوە داوای لێخۆشبون لە خودای خۆی دەکات، خۆی بە خەجاڵەت و گوناهبار دەزانێت، لە عاشقەکەی دەپاڕێتەوە بە سۆزو مهرەبانی خۆی لەگەڵ بکات و لێیخۆشبێت:

**باعیسی وجوود جە ماە تا ماهی دەلیل ئیسبات سونعی ئیلاهی**

**زیای بینایم، نوری چەمانم سەرمایەی حەیات دین و ئیمانم!**

**من وێم مزانوو بێ ئەمریم کەردەن ئیتاعەی فەرمان عەبدیم نەبەردەن**

**عومرم سەراپا غەرقی غەفڵەتەن زادی ئاخرم باری خەجڵەتەن**

**بەڵام مشیۆ تۆ وە فەضڵەکەی وێت کردەی من نەبۆ بەهانە پەرێت (مەولەوی،92).**

شاعیری عارف پێش ئەوەی بیەوێت داوای لوتف و بەخشش و فەزڵی زاتی حەق بکات، دێت وێنایی گەورەییەکەی دەکات، دەڵێت تۆ کە هۆی بوونی ئەم جیهانەی لە مانگی ئاسمانەوە بۆ ماسی بنی دەریاکان، تۆی هۆی بینین و نوری چاوم، هەموو بوون و سەرمایەی دین و ژینم، دوای ئەمانە دێت و دەڵێت تۆ کە وایت و منیش ئاگادارم کە بێ ئەمریم لە یاسای عیشقی تۆدا کردوە، ئەویش جێبەجێکردنی وتنەکانی مەعشوقە بە بێ هیچ ئەگەرێك، من کە هەموو عومرم خەجاڵەت بارم و هەموو ژیانم بێئاگاییە، بەڵام من تۆم هەیە ئەی یار، ئەی حەزرەتی حەق، تۆیەك ئەوەندە گەورەیی کە بە وێناکردنی عەقڵی من لە ئاسمانۆ بۆ بنی دەریا تازە تۆزێکە لە گەورەییت، لوتف بنوێنە و لێم خۆشبە، لێخۆش بوونێك لائیق بە گەورەیی خۆت نەك بچوکی و هیچی من. لەسەر ئەم پاڕانەوەیە بەردەوام دەبێت لای یارەکەی و دەڵێت:

**ئیغماز کەی جە گرد نابەکاریی من جە ڕووی سیایی و بەد کرداریی من**

**پەی من کافییەن ئەی گرد ئینفیعال بۆ بەڕەحم وێت بکەرەم پاماڵ**

**مەدیە وە تۆمار کردەی ویەردەم بدیە وە زەردیی ڕوخسار ئاوەردەم (مەولەوی،93).**

واتە، مەڕوانە هەڵە و چەپەڵیەکانی ڕابردووم، چاوت داخە و پێبنێ بەسەر ئەم کردەوانەمدا، سەیری تۆماری لادانەکانم مەکە لە یاسای عیشق، بەڵکو سەیری زەردی ڕووم بکە، ئەوەنە خەجاڵەتم ڕەنگم نەماوە و لوتف و کەرەمی تۆ نەبێت بەرەو نەمان دەچم.

**سێیەم/ عاشق لۆمەی خۆی دەکات:**

دوای ئەوەی مەولەوی هانا بۆ خودای گەورە دەبات، بە هەڵە و کردەوەی خۆی لەگەڵ نەکات، ڕوو دەکاتە نەفسی خۆی و دەڵێت:

**نەفسی بەد کردار، بێ دینی بەدبەخت شوومی سەرگەردان خەیاڵانی سەخت**

**پەی چێش عادەتت وە گوناە کەردەن؟ ژاری مەحروومیی ڕەحمەتت وەردەن**

**ڕاگەی حەقیقەت جە ویرت شییەن یادت پەی مەحبووب حەقیقی نییەن (مەولەوی،94).**

واتە: ئەی نەفسم، ئەی کرداری خراپ بوەتە پیشە و کاری ڕۆژانەت، ئەمەش وای کردوە نەك سەرگەردان بەڵکو شومیش بیت، پرسیار لە خۆی دەکات بۆ وات لێهاتوە؟ تۆ کە مەعشوقی خاوەن ڕەحمەتت هەیە، ئەو یارەی کە بەس ڕوی تێبکەی خۆی بەرەو ڕووت دێت، ئاگات لە خۆتە چۆن مامەڵە دەکەیت لەگەڵیدا، دیارە یاد و زیکرت بۆ مەعشوق و مەحبووبی حەقیقی ڕاست نەبوە و هەرزە گۆیی بوە. مەولەوی لەم دەقەدا ڕازی خوی دەگۆڕێت، لۆمەی نەفسی خۆی دەکات، بە سەرگەردان و پەشێو وەسفی دەکات. دەڵێت تاکەی بیرێ ناکەیتەوە دوای خەیاڵ کەوتوی و ڕێگەی ڕاستەقینەت ونکردوە بە ئاگا وەرەوە، ئەو ڕێگەی گرتوتە ڕێگە ڕاستەقینەکە نییە، ڕێگەی ڕاستەقینە گەیشتە بە عیشقی خوا. شاعیر بەم لۆمە کردنەی نەفسی بەرامبەر بە حەزرەتی حەق، دەیەوێت بەیانی ئەوە بکات ئەی مەحبوب نەك وا بزانی من ئاگام لەوە نیە کە بەدبەختی بوەتە پیشەم، نا بەڵکو ئەمانە ئەڵێم بۆ ئەوەی لە بازنەی ئەو کەسانەدا بمێنمەوە کە سەر بە دەریای بێبنی ڕەحمەتی مەعشوقەکەیانن.

**چوارەم/ بوونە مایەیی ئەزیتی پیر:** مەولەوی بە زانینەوە ئەو جۆرە لە پارانەوانەی لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا، دەزانێت ناگاتە فریای و یار لێی خۆش بێت، دەی کەواتە بۆ ئەمە پێویستی بە گەورەی عاشقان و جوانترینی عاریفەکان هەیە کە پێغەمبەری خودایە، بەڵکو ئەو ببێتە ڕجاکار و ڕزگاری بکات و بیخاتەی حەلقەی عیشقەوە:

**سەبای هەناسەم نە دەروون سەد تەرز کەردەن کڵپەی نار ئیبراهیمی بەرز**

**پەنجەت بەو نەغمەی بین وە تینەوە باوەرە ئەی بەیت وە حەزینەوە**

**سەهلەن من ڕوو زەرد سەر نە وەرەنان ئای مایەی تەسدیع پەیغەممەرەنان (مەولەوی،216).**

واتە: ئەی نەی ژەن وەرە و پەنجە بنە بە نەیەکەتا و ئاوازم بۆ بڵێ، ئاوازی دوری لە مەکان و شوێنی حەقیقی، ئاوازی دوری لە یار، ئاوازی ڕوو وەرگێڕانم لە یار، ئەوەندەش تاوانبار بووم وازم لە خۆم هێناوە، یارەکەم چ بڕیارێکم لەسەر دەدات ڕازیم، بەڵام کێشەکە ئەوەیە من پەیمانێکی تریشم شکاندوە لەگەڵ پێغەمبەردا، هەروەها ئەو دێت و ڕجام بۆ دەکات، ئەمە شەرمەزاری و بەدبەختیەکەم سەد هێندە دەکات، ئەوێك لە قورئاندا بەوە وەسف کراوە وتنەکانی هەموی پەیامی خوداییە، بەو دەمە موبارەکەی لای یار بۆ من بپاڕێتەوە، دەك بەدبەخت لە خۆم. دواتر شاعیر سودی لە چیرۆکی پێغەمبەر (ئیبراهیم) وەرگرتوە، لە ڕێگەی هێنانەوەی مۆتیڤی (نار ئیبراهیم)، کە ئاماژەیە بۆ ئەو ئاگرە بەتینەی (نەمرود) کردیەوە، پێغەمبەر ئیبراهیمی خستە ناوییەوە، شاعیر ئاهو حەسرەتی دەرونی خۆی بەو ئاگرە چواندوە، لەبەرئەوەی پێغەمبەری زەحمەت داوە.

**پێنجەم/ ساقی :** لە ئەدەبیاتی عیرفانیدا ساقی بریتیە لە ( شەرابدار و شەرابگێر، ڕەمزە بۆ زاتی حەق، هەندێك جاریش مەبەست لە پیرە، کە بە شەرابی یەزدانی سالیکان بەرەو دنیایی مەلەکوت دەبات )**(کەسنەزانی و بەرزنجی،584:2023).** شاعیر لە ڕێگەدا بە هاوکاری ئەم ساقیە دەیەوێت بگاتەوە بە کاروانی یارانی عاشقی و لە جەم جێنەمێنێت، دەڵێت:

**ساقی گەردی کۆچ یاران دیارەن هاومالان پەرێم نە ئینتیزارەن**

**من خۆ تەنیا ماڵ، وامەندەی دڵتەنگ بێ کەس، بار سەنگی، پای بارەبەر لەنگ**

**مەر تۆ وە هەی هەی نەشئەی جامی مەی نەی ڕای پلەی سەخت فەریادڕەسیم کەی**

**سا پێم دەر جامێ منیچ چون یاران هەی کەروون ئەو کۆچ تا سەر هەواران(مەولەوی،261).**

مەیگێڕ وەرە و جامێ مەیم پێبدە، بۆ ئەوەی سەرخۆش بم، چونکە بە سەرخۆشی نەبێت ڕێگای عیشق و سەختیەکانی نابڕێتەوە، من لە چاو یاران و هاوەڵەکانما کەوتوم و تەنیا شتێك کە لێم دیارە تۆز و خۆڵی پێی خۆیان و ئەسپەکانیانە کە تاوی ئەدەن بۆ گەیشتنە ویساڵ، منیش کەوتوم نە خۆم هێزی ڕۆشتنم ماوە نە ئەسپکەشم توانای برینی ئەم ڕێگەیەی هەیە، چونکە شەلە بۆ بەدبەختی من، کە تۆ ئەو مەیەم پێ دەدەیت ئیتر من بەهێز ئەبم و توانای جارانم بۆ دەگەڕێتەوە و دەتوانم لەگەڵ کەوتنە سەر ڕێ و هەوڵدان بۆ گەشتنە هاوەڵانم بانگیشیان بکەم. شاعیر داوا لە مەعشوق دەکات پیاڵەیەك مەی لە دەریای نا کۆتای و بێ بنی خۆی پێببەخشێت تا بە هۆیەوە ئەو هەموو ئازار و ناڕەحەتیەی ڕێگا هەیە بیبڕێت و لە جەمی یاران دورنەکەوێتەوە.

**شەشەم/ پەردەڕێز** : لە مەولەوی لە چەندین جێگەی بەرزو جواندا، سەرزەنشتی نەفسی خۆی دەکات، پێیی وایە ئەوە نەفسە ڕێگری دەکات لە مانەوەی لە بازنەی دڵداراندا، پێی وایە دڵی لە لایەن نەفسی خراپ و گوناهکارەوە ئەوەندە لە خەمی دنیا و حەز و ئارەزوەکاندایە، پەردە و حیجابی نەهێشتوەتە و هەموی دڕاندوە:

**دڵە، وەردەی نەفس گوناە ئاوەردە سیفەت نەڕووی ذات وە پەردە کەردە**

**چە ڕووی بێشەرمی پەردەت دڕدەوە هیچ نەویت وە تەنگ ئەودیم پەردەوە(مەولەوی،257).**

واتە: ئەی نەفسی خراپم ئەزانی خەریکی چ کارانێکی خراپ ئەنجام دەدەیت، تۆ ئەی نەفسی من تەنانەت کە دەزانی شەرم و حەیا دەبێت بکەی لەو زاتەی کە لەو دیو پەردە ( نیقاب و ڕوبەند، بە ڕێگرێك دەوترێت لە نێوان عاشق و مەعشوقدایە )(**کەسنەزانی ، بەرزنجی،283:2023**)وەیە. شاعیر بە نەفسی دەڵێت تۆ عاشقی و خەریکی نەفس پەرستیت، هەموو سنورەکانت تێپەڕاندوە، دەی هەرچۆنێکە و بە خەمی هیچەوە نیت، تەنها خەمی ئەو دیو پەردەی ڕێزت هەبێت کە یار و مەعشوقەکەتی لێیە، ئەو پەردەیە نەدڕێ، چونکە بەم بەزاندنی سنورانە ڕووت دەبیتەوە و لای یار ئەرزش و سەنگت نامێنێت.

**حەوتەم/ فیراق:** دووری لە حەزرەتی حەق یەکێکە لەو بابەتانەی مەولەوی وەك سالیکی ڕێگەی عیشق لێیدواوە و لە هەندێك لە شیعرەکانیدا ئاماژەی بۆ کردووە. فیراق لە ئەدەبیاتی ئاینی و عیرفانیدا بە مانای دابڕان و جیابونەوە دێت و شاعیر بەم مانایە باس لەم جیابونەوەیە دەکات، ئەم دوریە هەندێك دەردی بۆ ئەمی مەعشوق دروست کردوە، کە مەگەر عاشق بیت لێیتێبگەیت، دەڵێت:

**دیدەم وە دیدەت شای شیرین چەمان فیراقت قامەت کەردەن وە کەمان**

**مەزاق یەند تاڵی دووری تۆ چەشتەن هووناوەکەی چەم سەرزەمین ڕەشتەن(مەولەوی،277)**.

واتە، مەعشوقەکەم، ئەی جوانترینی جوانان، دوری بوون لە تۆ باڵامی وەك کەوان چەماندوەتەوە، ئەوەندە لە دوری تۆ گریاوم، ئێستا خەبەرێك لە فرمێسك نیە و ئاو لە چاوما نەماوە، بەڵکو هەموی بوە بە خوێن، نەك هەر ئەوەندە بەڵکو ئەوەندە فرمێسکم ڕشتوە زەویەکەی بەردەستم ڕەنگی سوری گرتوە و بوە بە خوێن. شاعیر جەفای دوری یار ئەزمون دەکات و لەم ڕێگەیەوە کە بینینی ئازارە، خۆی بۆ مەعشوقەکەی بەیان دەکات. یان دەڵێت:

**دیدەم (ڕێژاو)ە، ڕوخسارم(زەرد)ن جە داخی (یاران)،(پیران)م کەردەن (مەولەوی،290).**

واتە، چاوم ڕێژاوە و ئاو ئەڕژێنێ، ڕوخساریشم زەرد بوە، لە داخی دووری یاران، ئەوەندە گریاوم کە دەنگم دەرنایەت. شاعیر لەم بەیتەدا خۆی چواندوە بە منداڵێکەوە کە کاتێك ئەوەندە دەگری هەناسەی دەرنایەت، ڕوخساری زەرد هەڵدەگەڕێت، ئەمیش وەك ئەو منداڵە لە دوری و فیراقی یارەکەی وای لێهاتوە.

**هەشتەم/ مەعشوق نابینرێت:** شاعیر لەسەر ئەوەی ناتوانێت یارەکەی ببینێت، دەڵێت:

**بەڵام کۆن تاقەت دینی دڵدارم ئەو مەە چیهرەسان، من کەتان وارم (مەولەوی،286).**

واتە: کوا من توانای بینینی یارم هەیە، ئەو ڕوی وەك مانگ وایە و منیش وەك کەتانم. مەولەوی لەم دێڕە شیعرەدا زۆر بە وریایانە، لە هەمان کاتدا بە ناسکیەکی زۆر و لێزانینێکی وردەوە، باس لەوە دەکات مەعشوقەکەی نابینرێت بە چاو، ئەم نەبینینە بە چاو هۆکارەکەی لە زۆری ئەو هەموو نور و ڕۆشناییەوەیە کە لە یارەوەیە، ڕۆشناییەك ئەوەندە بە تینە بە دەرکەوتنی ئەمی عاشق بونێکی دەرەکی نامێنێت و دەسووتێت. شاعیر دەڵێت من ناتوانم یار ببینم چونکی ئەو ڕوی وەك مانگە و منیش وەك کەتان وام، کەتان بە بینینی تیشکی مانگ دائەڕزێ و نامێنێت، ئەمیش یار هات، سوتان کە پیشەیی هەمیشەیی عاشقە هەڵدەبژێرێت و لە ناو دەچێت.

**نۆیەم/ دڵ:** ( پێغەمبەری خودا دەفەرموێت: خودا سەیری دڵتان دەکات نەك لاشەتان )(**کەسنەزانی، بەرزنجی،477:2023**). بەم پێیە لە ئەدەبیاتی عیرفانیدا جێگەی سەیرکردنی مەعشوق بۆ عاشق دڵە. مەولەویش بێبەش نیە لەم سەیرکردنەی دڵ و بە جێگایی مەعشوقەکەی دادەنێت. تاوگۆزی لەم چوارینەیەی خوارەوەدا باس لە دڵێك دەکات، ئینجا دەیچوێنێت بە دارێکی لاپاڵی بەرزاییەك، کاتێك ئەم دارە باران و لافاو لێیبدات چۆن بن و ڕەگ و ڕیشەکەی دەردەکەوێت، ئاوا نەك هەر دڵی بەڵکو ڕەگ و ڕیشەی دڵیشی بۆ یارەکەی دەرکەوتوە و خوا خوای ویساڵیەتی، دواتر دەڵێت دڵم وەك چۆن دارەکە بە هاتنی بایەکی تاڕادەیەك توند لە بن دێت و ئیتر بە یەکجاری دەکەوێت، ئەوا دڵی منیش

چاوەڕێیە بەڵکو بایەك، لاکردنەوەیەك، ڕەحمەتێك یان سۆزێك لە لای یارەوە بێت و بمبات و منی عاشق نەمێنم و ببمە ئەو. شاعیر دەڵێت:

**دڵ بییەن وە دار سەرکەلی لای وەشت لافاوان ئامان ڕیشەش وست وە دەشت**

**چەمەڕای وایێن نەسیم بدۆ لێش ڕیشەکەنش کۆ ساکن بۆ پەی وێش (مەولەوی ،288).**

**دەیەم/ لە دایکبوونەوەی دووەم:** تاوگۆزی زۆر جوان باسی دووبارە لە دایك بوونەوەمان بۆ دەکات. دەڵێت هەر کەس جارێکی دیکە بە عیشق لە دایك نەبێتەوە، هەرگیز ڕێی لە بەختەوەری و خۆشبەختی هەمیشەیی ناکەوێت، واتە بە عیشقەوە ژیان و بە عیشقەوە مامەڵە کردن یەکێکە لە کارە گرنگ و لە پێشینەکانی کەسێتی عارف، مرۆڤ یەك جار لە سکی دایکییەوە لە دایك دەبێت، کە ڕای خۆی تێدا نییە جگە لە حیکمەتی ئیلاهی، بەڵام کە گەورە دەبێت و ڕێگەی عیشق دەگرێت پێویستی بە دووبارە لە دایکبوونەوە و داکەندنی جلی منمنیکردن و وازهێنان لە خود و ڕووکردنە مەعشوقی حەقیقی، جا کە دووبارە لە دایکبوویەوە ئیتر سەعادەت و خۆشبەختی و خۆش ژیان دەبێتە بەشی. شاعیر بە ڕوونی لەم دێرەدا ئەم بابەتە ورد دەخاتەڕوو و دەڵێت:

**هەر کەس تەوەلود دوبارەش نیەن ئەڵبەت سەعادەت ستارەش نیەن(مەولەوی،295).**

**تەوەری دووەم/ عیشقی خودا لە دیدی مەولانای ڕۆمیدا:**

مەولانا عارفی سەدەی حەوتی کۆچی، عشق بۆ دوو جۆری مەجازی و حەقیقی دابەش دەکات. پێی وایە عیشقی حەقیقی بریتییە لە عیشق بۆ زاتی مەعبوود، عیشق بە زاتی خوا. مەولانا دەڵێت: هەموو عیشقێك جگە لەم عیشقە مەجازییە. ڕۆمی عیشق بە یەکێك لە تایبەتمەندەکانی خودای گەورە دادەنێت، هەروەها دەڵێ مرۆڤ توانای وەسفکردنی ئەم جۆرە لە عیشقی نییە. عیشق لە دیدی مەولانەوە هەستێکی پاکە کە هەموو کەسێک تایبەتمەندی و توانای ئەوەی نییە بگات پێی. هەر کەسێک داخلی ئەم جۆرە لە بازنە عیشق ببێت، دەبێت کۆمەڵێک سەختیی زۆر لە خۆبگرێت و تەحەمولی بکات. لە دیدگای مەولاناوە عیشق دەردێکە کە تەنها دەرمانەکەی بریتی لە خودی عیشق. بەمشێوەیە لەم تەوەرەدا باس لە دیدوتێڕوانی شاعیر بۆ خودا و عیشق بەو زاتە لە چەند ڕوویەکی جیاوازەوە دەکەین.

أ/ **عیشقی مەجازی:** مەولانا دەربارەی ئەم جۆرە لە عیشق ڕای وایە عیشقێکە، حەقیقەتە کەی وازلێناوە و ڕووی کردوەتە عیشقە دنیایی و مرۆییەکە، کە عیشقێکی پایەدار هەمیشەیی نییە. مەولانا لەم دێرەی خوارەوەدا دەڵێت: هەر عیشقێك بە دوای ڕووکاری دەرەوە و شێوە و ڕەنگی مەعشوقەوە بوو، لە ڕاستیدا ئەمە عیشق نییە ،بەڵکو نەنگی و ناشرینی و ناپەسەندیە:

**عشق هایی کز پی رنگی بود عشق نبود، عاقبت ننگی بود**(هەمان سەرچاوە،36).

مەولانا زۆر بە ئاگاییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم جۆرە عیشقەدا دەکات و بڕوای وایە، مرۆڤ بۆ ئەوەی بگاتە مەعشوقی ئەزەلی و ئەبەدی پێویستی بەوەیە بە عیشقی زەمینی و مەجازیدا تێپەڕ بکات. مەولانا عیشقی زەمینی دەکاتە دوو بەشەوە (( یەکەمیان شێوە و ڕەنگ هۆکار نیە بۆ خۆشویستنی، وەك عیشقی دایك بۆ مناڵ، ئەوی تر بە هۆی شێوە و ڕەنگەوەیە وەك عیشقی کەنیزەکەکە بۆ زەرەنگەرەکە، کە ئەم جۆرە زۆر ڕوودەدات، مەولانا لەم جۆرە عیشقەدا ئەمەی دوەمیانی مەبەستە ))**(ابادی،35:1386).** کەسێك کە بە عیشقی مەجازیدا بڕوات ئاسانتر دەتوانێت دەرکی عیشقی حەقیقی بکات، دەلیلی بۆ ئەمە ئەوەیە، لەبەرئەوەی عیشقی مرۆیی کامڵ نییە، عاشق توانای ئەوەی نییە مەعشوقەکەی تێر بکات، ئەمە دوای ماوەیەك وا لە عاشق دەکات تێبگات ئەم عیشقە تەنها نیشانەیە بووە بۆ عیشقی حەقیقی و خۆی نەبووە، بۆیە ئەگەر عیشقی مەجازی بۆ ئەو شیرین بووبێت، بە بێ گومان عیشقی حەزرەتی حەق زۆر گەورەتر و بە بەهاتر و شیرینترە، بۆیە شاعیر عیشقی مەجازی وەك پلیکانەیەك وێنا دەکات کە پێویستی گەیشتنی عاشقە بە مەعشوقی ناکوێت، تەنانەت دەڵێت:

**عاشق ان وهم اگر صادق بود ان مجازش تا حقیقت می کشد (بلخی،130:1390).**

واتە (( عاشقی ئەو وەهم و خەیاڵە ئەگەر ڕاستگۆ بێت، دەشێت ئەم عیشقە خەیاڵی و مەجازیە بە عیشقی حەقیقی و ڕاستەقینە بگات ))**(نثری،186:1396).** ئەگەر کەسێك بەشێوەیەکی ڕاستگۆیانە وەهم و وێنەیەکی خودا لە سەریدا دروست بکات و بیکێشێت، هەر ئەم بابەتە مەجازیە ئەو دەگەیەنێتە کێوی حەقیقەت و دیدار.

**ب/ عیشقی حەقیقی:** عیشقی حەقیقی هەمان عیشقی خودایی و نەمرە کە لە هەموو بووندا بوونی هەیە، لە بچوکترین بەشی هەموو دروستکراوەکاندا دەرکەوتووە، لە هەریەکێکیاندا بە شێوەی جیاواز خۆی وێنا کردووە. مەعشووق خوایەکی

یەکتایە کە دروستکەری هەموو کائیناتە و عیشقی هەموو هەبووەکان بۆ ئەو دەگەڕێتەوە. عیشق یەکێکە لە سیفاتەکانی خوای گەورە، لە وجوودی مرۆڤ دا دروستی کردووە بۆ ئەوەی بگات بە کەماڵ، شاعیر لێرەدا عیشق بۆ خوای گەورە دەگەڕێنێتەوە، دەڵێت:

**هرچه جز عشق خدای احسن است گر شکر خواری ست، ان جان کندن است(بلخی،164:1390)**

واتە: هەرشتێك لە غەیری عیشقی خودا جوان بێت بە شێوە و وەك شەکر خواردن شیرین بێت، بەڵام لە ناوەڕۆکدا بریتیە لە جۆرێك لە گیاندان و ئەشکەنجەدانی مرۆڤ، یان دەڵێت:

**ناف ما بر مهر او ببریده اند عشق او در جان ما کاریده اند(بلخی،270)**

واتە: ناوکی ئێمەیان هەر لە منداڵییەوە بە سۆز و میهری ئەو بڕیوە، عیشقی ئەویان لە ئێمەدا چاندوە.

**هر کسی کو دور ماند از اصل خویش باز جوید روزگار وصل خویش(بلخی،29)**

واتە: هەرکەسێك دور بێت لە بنەڕەت و بنەچەی خۆی، کە لەم بەیتەدا و بنەچە بە مانای بوونە لای خودای گەورە و گەیشتنەوەیە وەك پێشتر کە مرۆڤ لەوێ بووە، ئاماژەیەکی ناڕاستەخۆیە لە چیرۆکی ئادەم علیە سەلام، دووبارە دەگەڕێت بۆ ڕێگەیەك، شێوازێك، بۆ ئەوەی بگاتە خاوەنەکەی و وەصلی لەگەڵدا بکات. وەك لە تەوەری پێشتردا باسکرا، مەبەست لەم جۆرەی عیشقە و وردبوونەوەی ئەم توێژینەوەش باسکردنە لەم بابەتە، بۆیە ڕوودەکەینە دیدی ڕۆمی و بزانین لە شیعرەکانیدا چۆن وێنای کردووە.

**یەکەم/ عیشق وەك دەرمان:** مەولانا باوەڕی وایە عیشق دەرمانی هەموو نەخۆشیە جەستەیی و ڕۆحییەکانە، وەسێت دەکات بۆ هەموو مرۆڤەکان ئەگەر دەتانەوێت ژیانتان پڕ مانا بێت ئەوا عاشق بن، چونکە عیشق کە شاعیر مەبەستی عیشقی حەزرەتی حەقە دەرمانی هەموو دەرد و ئازارەکانە، دەڵێت:

**هر که را جامه ز عشقی چاك شد او ز حرص و جمله عیبی پاك شد (بلخی،29).**

واتە: هەرکەسێك جلوبەرگی خۆپەرستی و ئەنانیەت لەبەر زۆری عیشقی خودا بدڕێنێت، ئەوا لە هەر عەیب و پەڵە و نەنگیەك پاك دەبێتەوە. بەم پێیە عیشق تیمارکەرە. لەسەر ئەم دیدەی بۆ عیشق بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

**شاد باش ای عشق خوش سودای ما ای طبیب جمله علتهای ما**

**ای دوای نخوت و ناموس ما ای تو افلاتون و جالینوس ما (بلخی،29).**

ئەی عیشقی خۆشەویست و سەودا سەرمان، ئەی دەرمانی هەموو عەیبە مرۆیی و من منکردنەکانمان، ئەی دەوا و دەرمانی ناشرینی و پەستیەکانمان، ئەی ئەفلاتۆن و جالینۆسی ئێمە، تکایە شاد و خۆشحاڵ بە، چونکە گەر تۆ وابیت، ئێمەش واین.

**دووەم/ قوربانیکردنی عەقڵ:** ڕۆمی پێی وایە عاشق لە ڕێگەی عیشقدا دەبێت عەقڵی بکاتە قوربانی، لەبەرئەوەی عیشق وەك دەریای عەدەم وایە و عەقڵیش توانا و هێزی تێگەیشتنی ئەم دەریایەی نییە. مەولانا بڕوای وایە هەرکەسێك بە عەقڵ بێتە ناو بازنەی عیشقەوە ئەوا سەرگەردان و حەیران دەبێت، چونکە عیشقی خودای بە مەنتق و عەقڵی مرۆیی هاوتا نییە و لەوێدا جێگەی نابێتەوە. بۆ نمونە لە مەسنەوی مەعنەویدا دەڵێت:

**عقل در شرحش چوخر در گل بخفت شرح عشق و عاشقی هم عشق گفت (بلخی،33).**

گەر بمانەوێ مانای عیشق بە عەقڵ بکەین، ئەوا وەك ئەوە وایە گوێدرێژێك بخەینە ناو قوڕەوە، باس و بابەتی عیشق و هاتنەگۆ لەسەری، تەنها و تەنها عیشق دەتوانێت بیکات. شاعیر مەبەستی لێرەدا ئەوەیە بەم نمونە هێنانەوەی کە عیشقە دەتوانێن پەسنی خۆیی و عاشق و مەعشوقیش بکات، نەك عەقڵی کەمتوانا و بچوك. یان لە دێڕێکی دیەکەدا دەڵێت:

**چون ببازی عقل در عشق صمد عشر امثالت دهد یا هفتصد (بلخی،768).**

واتە: (( ئەو کەسانەی مالی خۆیان دەبەخشن لە ریگەی خودا وەك ناشتنی ئەو تۆو و دانەبەیە کە حەوت لقی لیدەبیتەوە و لە ناو هەر لقێکدا سەد دانەی تێدایە ))**(ابادی,2200:1386)**. ئەی عاشق ئەی ئەو کەسەی دەتەوێ بگەیتە زاتی حەق،

ئەگەر عەقڵت بدۆڕێنیت بەرامبەر عیشقی سەمەد کە یەکێکە لە ناوەکانی خودا، ئەوا یان دە قات یان حەوت سەد قات پاداشتت دەداتەوە، کە پاداشت لێرەدا بە مانای نزیك بونەوەیە لە حەزرەتی یار.

**سێیەم/ عیشق سوڵتانە:**

بدم بی عشق گمراهی، در امد عشق ناگاهی  بدم کوهی، شدم کاهی برای اسب سلطان را(مولوی،20:1380).

مەولانا زاتی حەق دەچوێنێت بە سوڵتانی سەردەمی خۆی، کە بریتییە بووە لە کەسێکی بەهێز و خاوەن دەسەڵات و هەیمەنەتی تایبەتی خۆی، کەس جورئەتی نا وتنی بەرامبەری نەبوە، سوڵتان یەکێکە لە سیفاتەکانی خودا، لێرەدا دەڵێت، من کابرایەکی گومڕا و سەرلێشێواو بووم بە بێ عیشق، لە ناکاو عیشق هات و دەرکەوت، کێوێك بوم لە سەردەمی نەزانینما، کە عیشقەکە دەرکەوت، ئەوکات بومە کایەك لە بەردەمی ئەسپی سوڵتانا و نەمام. کەواتە عاشق لەگەڵ بەدیار کەوتنی سوڵتانی عیشقیا لە کێوێکی لوت بەرز و گومڕاوە دەبێتە کایەکی بەردەمی ئەسپی یارەکەی نەك بەردەستی سوڵتانی مەعشوق. یان دەڵێت:

هرکە در امد بەصفش، یافت امان از تلفش  تیغ بدیدم بە کفش، سوختم ان اسپر خود **(مولوی،163).**

واتە: کە دەگەیتە ڕیز و سەفی ئەم زاتە ئیتر لە ئەماندایت، نەك وەك عیشقە تێپەڕەکان هەموو کات لە خەمی نەمان و لە دەستدان و تیاچوون بیت، ئەم سوڵتانە کە بگەیتە لای و ڕوت بە لادا بکاتەوە ئیتر تۆ لە هەموو ژەنگ و ناخۆشی و دەردەکان دەکەویتە ئارامی و ئاسایشەوە، بەڵام ئەم گەیشتن و لە ئارامی بوونەدا هەروا ئاسان بەدەست نایەت، بەڵکو پێویستە بسوتێیت، شاعیر دەڵێت: کە تیغەکەم بینی یان شمشێرەکەم بینی بە هەڵواسراوی لە کەمری سوڵتانەکەمدا ئیتر سوتام، بە بێ دەرکردنی لە کەلان ئەم سوتاوە، کە وێنای مەعشوق بە سوڵتانێکی شمشێر بە دەست دەکات.

**چوارەم/ شاراوەیی عیشق:** مەولانا بڕوای وایە عیشق وەك بوکێك وایە کە لە ناو پەردە و حیجابدایە، دەڵێت عیشق ڕازێکی نهێنی ئامێزە، ڕاز بەو مانایەی کە لێکەوتەکانی عیشق لە مەعشوقدا دەرنەکەوێت، بەڵکو جۆرە هەستێکە، نە دەبینرێت نە دەرك دەکرێت و لێی تێدەگەین، نە دەشبیسترێت. لێرەدا شاعیر نمونەی بوك بەس بۆ تێگەیشتن دەهێنێتەوە، کە بە بۆنەی جوانی خۆیەوە دەیەوێت خۆی پیشان بدات، بەڵام ئەم خۆ پیشاندانە دەبێت بۆ عیشقی حەقیقی ئەنجام بدرێت و بێتە بوون. دەڵێت:

**عشق و جان هردو نهانند و ستیر    گر عروسش خانده ام عیبی مگیر  (بلخی،102).**

واتە: عیشق و گیان هەردووکیان داپۆشراو و شاراوەن، ئەگەر بە بوکم چواندوە مەکە عەیب بەسەرمەوە ڕەخنەم لێمەگرە، چونکە بوك بۆ هەموان داپۆشراوە و کەس جگە لە زاوا ناتوانێت بیبینێت، یان دەڵێت:

**گرچە تفسیر زبان روشنگر است    لیك عشق بی زبان روشنتر است    (بلخی،33).**

واتە: گەرچی تەفسیر و وتن بە زمان ڕوونە و گرێوگۆڵەی تیانییە، بەڵام عیشق بە بێ زمان ڕۆشنترە، شاعیر لەم دێرەدا دەڵێت عیشق بریتییە لە چەشتن نەك وتن، زمان هەرچەندە توانی هەبێت و بیەوێت بە ڕوونی و ڕەوانی لەسەر عیشق بدوێت و قسە بکات ناگاتە ئەوەی بە بێ زمان لەسەری بێیتە گۆ، بە بێ زمان هاتنە گۆش باسکردنە لە دنیای چەشتن و ئەزمونکردن. زیاتر لەسەر ئەمە دەڕوات و دەڵێت ئەگەر بێم شەرحی تۆ بکەم بۆ هەموو خەڵکی، ئەوا زەرەرم داوە لەم شەرحکردنە شەرحی تۆ، بۆیە وەك ڕازی عیشق دەیشارمەوە:

**شرح تو غبن است با اهل جهان    همچو راز عشق دارم در نهان   (بلخی،644).**

**پێنجەم/ نەتوانینی وەسفی عیشق:** مەولانا عیشق وێنا دەکات بە دەریایەك کە کۆتایی نییە و مرۆڤ لە وەسف و وێناکردنیدا بێتوانایە، ئەوە تەنها عیشقە دەتوانێت وەسفی حاڵ و هەوای خۆی بکات، دەڵێت:

**در نگنجد عشق در گفت و شنید    عشق دریاییست قعرش ناپدید  (بلخی،748).**

واتە: باسکردنی عیشق لە وتن و بیستندا کارێکی بێهودە و دور لە عەقڵە، چونکە عیشق دەریایەکە کە کۆتای و بنی نییە. لەبەرئەوەی عیشق یەکێکە لە سیفاتەکانی خودای گەورە، وەسف و وێناکردنی سیفاتی خوداش توانای دەوێت بۆ وێناکردنی، شاعیر ئەم سیفاتە بە دەریایەك دەهێنێتەوە کە کۆتایی نیە و ناشکری بە وتن و بیستن لێیبدوێیت. دەکرێت قەترە قەترەکانی دەریا ببینین و وەسفی بکەین، بەڵام، کە هاتە سەر خودی دەریا ئیتر مەعقول نیە.

**شەشەم/ فەنا بوون لە ڕێگەی عیشقدا:** شاعیر بڕوای وایە لە نێوان عاشق و مەعشوقدا بونێکی دەرکی نییە و ئەوەی هەیە و دەمێنێـەوە تەنها عیشقە، وەك ئەوەی کاتێك پەپولەیەك لە دەوری ئاگرێك دەسوڕێتەوە و پەڕەکەی دەسوتێت، نازانرێت ئەوەی دەسوتێت پەڕی پەروانەکەیە یان پریشکی ئاگرەکە، بەڵام ئەوەی دەمێنێتەوە تەنها عیشقە، شاعیر دەڵێت:

**عشق ان شعله است، کو چون بر فروخت هرچە جز معشوق باقى، جمله سوخت(بلخى،666).**

یان دەڵێت:

**همچوو پروانه شرر را نور دید احمقانه درفتاد، از جان برید (بلخى،462).**

واتە: (( ئەم کەسە وەك پەروانە پریشکی ئاگرەکەی وەك نوری حەق بینیوە و خۆی فڕەداوەتە ناویەوە ))**(نثرى،1396:679)**. بۆیە شاعیر دەیەوێت پێمان بڵێت لە ڕێگەی عیشقدا تەنها یەك شت بوونی هەیە ئەویش فەنا بوون و وازهێنان و تواناوەی عاشقە و ئەمەش بە ئازادانە و لە ڕێگەی گەیشتنە کێوی مەعشوقدا دەکات، بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت عیشق کاتێك مانادارە کە واز لە هەموو وجودت بهێنیت، ئەم ڕێگەیە پڕە لە ئازار و سەختی، بەمەش سالکی ئەم ڕێگەیە بە ژیانی ئەم قوربانیە دەدات و فەنا دەبێت.

**حەوتەم/ عیشق سەفەرە:** عیشق بریتیە نیە لە دانیشت و وەستان و دۆشدامان، بەڵکو بریتیە لە سەفەر بۆ لای یار، ئەم یارە ئەگەر زاتی حەق بێت ئیتر کۆتای و خاڵی گەشتنی تیادا نیە و عاریفی ئەم ڕێگەیە لەسەر زەوی و لە جیهانی دواتریشدا لەم سەفەرە بەردەوامە بەڵکو بگات بە کێوی یار. ئەمە وا لە شاعیر دەکات خودا وێنا بکات بە هەموو بوون، بڵێت من سەفەر ئەکەم بۆ لات، دەڵێت:

**خورشید را حاجب توى اومید را واجب توى مطلب توى، طالب توى، هم منتهى هم مبتدا (مولوى،1).**

یان دەڵێـت:

**اگر گبرم اگر شاکر تویى اول تویى اخر چو تو پنهان شوى شادى، غم سرسام مى گردد ( مولوى، 173).**

شاعیر دەڵێت لەم مەیدانی عیشقەدا من سەفەر دەکەم بۆ لای تۆ، کە تۆ داواکار و داوالێکراو و سەرەتا و کۆتایشی، هەروەها دەڵێـت هەرچی بم گاور بم یان مرۆڤێکی سوپاسگوزار، تۆ یەکەم و تۆ ئاخری. لەبەر پێدانی ئەم سیفاتانە بە مەعشوق بە ئاگاییەوە لە لایەن سالیکەوە، لە کاتێکدا مرۆڤی پەرێشانی ئەم ڕێگەیە بڕوای وایە کە ئەگەر ئەمیش ئەم سیفاتانە پیشان نەدات یان توانای بەیانکردنی نەبێت، ئەوا زاتی حەق زۆر لەمە زیاتر هەڵدەگرێت و خاوەنیەتی. مەولانا لەم دێرانەی خوارەوەدا کۆشش دەکات سەفەرێکی حەقیقی بکات و بەم زاتە نا کۆتایە بگات، زاتێك کە لای ئەو نە مەکانێك و شوێنێکی دیاریکراو هەیە نە زەمان و کاتێك، وا لە مرۆڤی عاشق دەکات هەوڵ بۆ باڵا بوون و بەرزبونەوە و میعراج بدات و دور بکەوێتەوە لە حاڵەتە زەمینیەکانی خۆی و ڕوو بە باڵا و بەرزبونەوە، ڕوو بە خودا بڕوات، وە بڕۆینەوە بۆ دەریا بێ بنە بێکۆتاییەکەی خۆی، ئەمە لە کاتێدا ئێمە بۆ لای زاتێك هەنگاو دەنێین کە جێگە و مەکانی بریتە لە لا مەکان، دەڵێت:

**ما ز بالایم و بالا مى رویم ما ز دریاییم و دریا مى رویم**

**ما ز انجا و از اینجا نیستیم ما ز بى جاییم و بى جا مى رویم (مولوى، 506).**

**هەشتەم/ دڵ:** بەڵخی بڕوای وایە ئەم عیشقەی کە ئاماژەی پێکرا جێگەکەی بریتیە لە دڵی مرۆڤی عاشق. بە بڕوای زۆرینەی زۆری عاریفەکان لەوانە مەولانا جێگە و مەکانی حەق بریتیە لە دڵ. وەك وترا عیشق بریتیە لە دەریایەکی بێبنی بێکۆتای، تەنها جێگەیەك بتوانێت ئەم بوونە گەورەیە لە خۆی بگرێت دڵی سالك و ڕێبواری ئەم ڕێگەیەیە. دەڵێت:

**دل تورا در کوى اهل دل کشد تن تورا در حبس اب گل کشد (بلخى،55).**

واتە: دڵ تۆ ئەبات بۆ لای کێوی خاوەن دڵەکان، بەڵام جسم تۆ لە زیندانی ئاو و خۆڵدا سجن دەکەن. شاعیر باس لە دڵ دەکات مەبەستی ئەم دڵەی ناو سینگ نیە بەڵکو، وەك لە ئەدەبیاتی عیرفانیدا هاتوە مەبەست لێی ڕۆحی مرۆڤەکانە، کە چەند دەتوانێت گەورە ببێت تا ڕادەی جێبونەوەی عیشقی خودای تێیدا، ئەگەر ڕوو بە خاوەن دڵی ڕاستەقینە بڕۆیت.

نۆیەم/ عیشق کلیلە: شاعیر لە زۆرێك لە شیعرەکانیدا کە لە خوارەوە هەندێکی دەخرێتە ڕوو، باس لەوە دەکات کە ناوی ( فتتاح )ی خوای میهرەبان کلیلی کردنەوەی هەموو دەرد و ناخۆشی و بەڵاکانی مرۆڤە. واتە کە خودا مەعشوقت بوو، ڕووت لێکرد ئیتر کردنەوەی دەرگاکان کارێکی زیاد لە ئەندازە ئاسان دەبێت، بۆ نمونە دەڵێت:

**ای گشاده هزار در بر ما وی بداده به دست ما مفاتیح (مولوی،160).**

ئەو هەزار دەرگای لەسەر ئێمە کردوەتەوە، چونکە کلیل و مەفاتیحەکانی بەدەست ئێمەوە داوە.

یان دەڵێت:

**زانك نامش هست مفتاح مراد جان تو/ زود نام او بگو تا در گشاید زود زود (مولوی،229).**

موورادی ناوی تۆی عاشق ناوی ئەوە کە مەعشوقەکەتە و ناوی فەتاحە، فەتتاحێك کە دەست بەدامان نامێنێتەوە لە کردنەوەی هیچ دەرگایەك، چونکە ئەو خۆی خاوەن دەرگا و خاوەن کلیلیشە، بۆیە تەنها ناوی بهێنە ئەوا زۆر بە خێرایی دەرگاکان دەکرێنەوە. مەولانا یەکێك لە مەبەستەکانی بریتیە لە ئازاد بوون و ڕەها بوون لە زیندانی جەستە، ئەمەش بە ڕووگە گۆڕین بۆ لای مەعشوقی حەق و ئازاد بوونی ڕۆحی لەو هەموو دەرگایەی جەستە و دنیا.

**تەوەری سێیەم/ خاڵە هاوبەش و جیاوازەکان:**

هەردوو شاعیر خاڵی هاوبەش و جیاوازیان هەیە، دەکرت پێش باسکردنی جیاوازی و هاوبەشیەکان سەرنج بخەیە سەری بەشێوەیەکی گشتی، وەک:

سەبارەت بەساڵی ژیان و مردنیان، مەولەوی (1806، 1882)، بەڵام مەولانا (1207، 1273).

هەردوو شاعیر لە سەردەم و رۆژگارێکی دور لە یەکتر ژیاون، مەولەوی سەدەی نۆزدەیەم، بەڵام مەولانا سەدەی سیازدەیەم.

هەردوکیان لە سەرڕێبازی سۆفیزم بوون و باوڕیان بە تیوریای (یەکێتی بوون هەبووە).

شاعیرەکان پیر و مامۆستا و مورشدیان هەبوە، مەولانا (شمسی تەبریزی) سەرچاوەی شیعری بوون و بەقوڵی کاریتێکردوە ، مەولەویی تاوگۆزی موریدی (سیراجەدین)بووە، بەڵام پەیوەندیەکەی بە بەراورد بە مەولانا دۆستانە بووە. واتە هەردوو شاعیر بەگرنگ لێیان ڕوانیوە، ڕێبوارانی ئەم ڕێگایە لەبەر سەختی و دژواری ڕێگەکە پێویستیان دەبێت بۆئەوەی دەستگیرۆییان بکەن لەکاتە سەختەکاندا هاوکار و هاوخەمیان بن بۆ گەیشتن بە ئەنجام. هەردوو شاعیر لەم خاڵەدا لەیەکچوون، کە خاوەنی پیر و ڕابەری خۆیانن. هەرچەندە لە نموونە شیعریەکاندا تەنها لای مەولەوی باسمانکردوە، بەڵام لای مەولانا زۆر بەڕوونی لە دیوانی (شمس)دا ئەم گرنگیە دەردەکەوێت.

بە شیکردنەوەی دەقە شیعرییەکانی هەردوو شاعیر، کە بۆ عیشقی خودایان وتوە، هەندێ خاڵی هاوبەش و جیاوازمان بۆ ڕوونبوەتەوە، بەڵام خاڵە هاوبەش و جیاوازییەکان تەنها لەو دەقانەدا بەدەست هاتوون لە توێژینەوەکەدا بەکارمان هێناوە، وەك لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەبینرێت:

1- شەمسی تەبریزی گەڕیدەیەك بووە، زۆرجار مەولانا بەهۆی ئەو قوڵی پەیوەندیان بەرپەرچ دراوەتەوە ،بەپێچەوانەوە شێخ و مورشیدەکانی مەولەوی، خاوەنی پێگەیەکی کۆمەڵاتی بەرز بوون بەدەیان زانا و ئەدیب لە سایەیاندا دەرکەوتن.
2- سەرچاوەی دروست بوونی عیشقی حەقیقی لای هەردوو شاعیر بریتیە لە عیشق مەجازیی. ئەم جۆرە عیشقە لە نێوان هەردوو شاعیر بە شێوەیەکی لێکچوو دەرکەوتوە، هەردوو شاعیر پێیان وایە عیشقی مەجازی پێویستیەکی ڕێگەی عاریفەکانە یان عاشقەکانە بۆ ئەوەی بگەن بە عیشقی خودایی .
3- مەعشوق یان حەزرەتی حەق، لە نێوان هەردوو شاعیر بە هاتن و دەرکەوتنی بونێك جگە لە ئەو نامێنێتەوە. لای مەولەوی ئەم عاشقە دەبێتە سێبەر بە دەرکەوتنی معشوقەکەی، لای مەولانایش بە دەرکەوتنی مەعشوق عاشق بوونێکی دەرەکی نامێنێت و دەسوتێت.
4- بەخشش و لوتفی عاشق لەنێوان هەردوو شاعیر دەبینرێت، ئەم دەرکەوتنەی خودا لای مەولەوی بریتییە لەو هێزە باڵادەستەی سەرچاوەی لێخۆشبوون و وەرگرتنەوەی عاشقە لەلایەن مەعشوقەوە لەکاتێکدا لە یاساکانی عیشق لایداوە. لای مەولانا ئەم جۆرە لوتفی خودا کاتێك دەردەکەوێت، عیشق دەبێتە دەرمان و هەموو عەیبە

مرۆیی و جەستەییەکانی لێدەماڵێت و پاڵفتەمان دەکات بۆ ئەوەی شاد و خۆشحاڵ بین وە بچینەوە ناو بازنەی خۆشەویستانی خودا.

5- ساقی و مەی گێڕ لە شیعرەکانی هەردوو شاعیردابەدیار دەکەون، مەبەست لێیان پێدانی جامی مەیی لە دەریایی بێکۆتایی عیشقی ئیلاهی، بۆ ئەوەی بتوانن لەمپەرو و ڕێگریەکانی ڕێگەکەیان بە فەرامۆشی بسپێرن، ساقی لێرەدا هاوکاری شاعیران دەکەن بۆ ئەوەی لە کاروانی یارانیان دوانەکەون و لەسەر ڕێگەی گەیشتن بە مەعشوق بەردەوام بن.

6- فیراق و دوری و دابڕان لە حەزرەتی حەق، بابەتێکی هاوبەشە لە نێوان هەردوو شاعیر دا لە توێژینەوەکەدا تەنها لای مەولەوی ئاماژەمان بۆکردوە .

7- نەبینینی عیشق و عاشق، لە نێوان هەردو شاعیردا بریتییە لە خاڵێکی هاوبەش و پێیان وایە کە معشوق نابینرێت. مەولەوی یاری وەك مانگ وێنا کردوە و خۆی وەك کەتان، مەولانایش پێی وایە عیشق بریتییە لە بوکێك و لەنێو پەردە دایە، وەك جۆرە هەستێك وایە نە دەبینرێت و نە دەرك دەکرێت و نە دەشبیسترێت.

8- دڵ بە کانگا و جێگای مەعشوق دادەنرێت لە نێوان هەردوو شاعیردا، بە بوونی یەك جیاوازی لە نێوانیاندا، مەولەوی پێی وایە وەك داری لاپاڵێکی لافاو بردو وایە و چاوەڕیی ئەوەیە بە هاتنی مەعشوق بۆ ناو دڵی بەیەکجاری هەڵبکەندرێت و نەمێنێت، بەڵام لای مەولانا عیشق بریتیە لە دەریایەکی بێ بن و بێ کۆتایی، تەنها جێگەیەك بتوانێت ئەم بوونە گەورە و فراوانە لە خۆ بگرێت، تەنها دڵی سالیکی ئەم ڕێگەیەیە.

9- مەولانا باوەڕی وایە بۆ ئەوەی مرۆڤ لە نەخۆشیە جەستەی و ڕۆحیەکان ڕزگاری بێت، پێویستی بەوە هەیە عاشق بێت. پێ وایە عیشق تیمارکەری هەموو ئێش و ئازارەکانە. لای مەولەوی ئەمە نابینرێت.

10- ڕۆمی پێی وایە مرۆڤی عاشق دەبێت عەقڵی بکاتە قوربانی، چونکە لای شاعیر عیشق دەریایی عەدەم و عەقڵیش توانای تێگەیشتنی لەم دەریایە نییە .

11- مەولانا لە وێناکردنێکی تایبەتدا زاتی حەق و مەعشوقەکەی بە سوڵتانی سەردەمی خۆی و وێنا دەکات کە کەسێکی خاوەن دەسەڵاتە و شکۆیەکی تایبەت بەخۆی بووە، کەس توانای نا وتنی نەبووە بەرامبەری، ئەمە وایکردوە شاعیر بڕوای بەوە هەبێت خۆی پێش هاتنی ئەم سوڵتانی عیشقە کێویکی لوتبەرز و گومڕا بووە، بەڵام دواتر دەبێتە (کا)ی بەردەم ئەسپی ئەم سوڵتان.

12- هەردووکیان بەرهەمی شیعریان هەبوو، مەولانا تەنها بە زمانی فارسی بووە وەرگێڕاوە بۆ سەر زۆربەی زمانە زیندوەکان، بەڵام مەولەوی بە سێ زمان بەرهەمی هەبووە بەڵام بەراورد بە مەولانا کەمتر وەرگێڕاوە.

13- مەولانا پی وایە مەعشوقەکەی وەسف ناکرێت، ئەگەر وەسفیش بکرێت ئەمەی شاعیر لە وێناکردنیدا بێ توانابیە، تەنها شتێك کە دەتوانێت وەسفی حاڵ و هەوای ئەم عیشقە بکات، تەنها خودی عیشقە، بەڵام لای مەولەوی ئەمە دەرناکەوێت.

14- مەولانا پێی وایە عیشق بریتییە لە سەفەر و عاشق لەم ڕێگایەدا ئیشی وەستان و لادان لە ڕێگەی عیشق نییە، وە ئەم سەفەرە لە جیهانی دواتردا بەردەوام دەبێت تا گەیشتن بەزاتی حەق، ئەم سەفەرە لە نمونە شیعریەکانی مەولەویدا نابینرێت.

15- مەولانا سیفەت و ناوی (فەتاح )ی خوای میهرەبان لە شیعرەکانیدا بەکاردەهێنێ، پێی وایە کلیلی کردنەوەی هەموو دەرد و ناخۆشی و بەڵاکانی مرۆڤ بەهێنانی ئەم ناوە دەکرێتەوە، ئەم جۆرە وێناکردنە لای مەولەوی تاوەگۆزی بەرچاو ناکەوێت.

**ئەنجام//**

1- لە ئەنجامە خوێندنەوە بۆ جۆرەکانی عیشق، دەتوانین بڵێین عیشق و خۆشەویستی بۆ شتێك یان بابەتێك لەنێوان دو جەمسەر دایە، لە عیشقی زەمینیەوە دەستپێدەکات و لە عیشقی خودادا کۆتایی پێدێت. واتە جەمسەرێکی بریتییە لە عیشقی زەمینی و جەمسەرێکی تری بریتییە لە عیشقی خودا. لە نێوان هەردوو جەمسەرەکەدا عیشق گەلێکی جیاوازیش دەبینرێت وەك (عیشقی خاك و نەتەوە ، عیشقی دایك و باوك بۆ منداڵ، عیشقی هاوڕێیەتی ... هتد).

2- دەتوانین بڵێین عیشق یەکێکە لەو بابەتانەی کە نەك پێناسە ناکرێت، بەڵکو هەوڵدان بۆ ناساندنی دەچێتە چوارچێوەی کارێکی بێ هودەوە، تەنها کات کوشتنە، پێمانوایە عیشق وەك مردن وایە دەبێت بچێژرێت نەك بێتە بەر باس و بوترێت.

3- مەولەوی تاوگۆزی یەکێکە لەو شاعیرانەی بۆ زۆر مەبەست شیعری وتووە، لەو نێوەندەدا وەك عارفێکی ڕێی ڕێگەی عیشق لە بواری تەسەوف و خۆشەویستی خودادا دەستێکی باڵای هەبووە و لە چەندین دێڕە شیعردا هەستی عاشقانەی خۆی دەربڕیوە.

4- مەولانای ڕۆمی لە مێژووی ئیسلامیدا، یەکێکە لەو شاعیرانەی دەستێکی باڵای هەبووە لە هۆنینەوەی ئەو شیعرانەی کە بۆ خۆشەویستی خودا و گەیشتن بە خودا وتویەتی. بوەتە سەرچاوەیەکی گەورە لەسەر کردنەوەی ئەم دەرگایە بۆ شاعیرانی دوایی خۆی، کە دەکرێت مەولەویی یەکێکیان بێت.
5- عیشقی خودا، لە نێوان هەردوو شاعیردا بە چەندین شێواز دەرکەوتووە، لە هەندێ لەو شێوازانەدا هەردوو شاعیر لە یەك دەچن، لە هەندێ شێوازی دیکەدا دیدگای جیاوازیان بۆ بابەتەکە هەیە.

لیستی سەرچاوەکان:

- قورئانی پیرۆز.

سەرچاوەکان بە زمانی کوردی:

**کتێب:**

1- ادهم، حسین سید (2018)، کوفری شیرین، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.
2- جاف، خوسرەو (2015)، مەولاناو ڕازی نەی, چاپی یەکەم, چاپخانەی رۆژهەڵات, هەولێر.
3- جەوشەنی، عەلی (2015)، فەرهەنگی کوردستانیکا، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپەمەنی مانگ، کرج.
4- حسن، کازم شێخ (2018)، جوانیناسی لە شیعرەکانی شێخ نورەدینی بریفکانیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.
5- خورشید، قانع (2009)، عەشق لە نێوان عەقڵ و ئایندا، چاپی سێیەم،چاپەمەنی گەنج، سلێمانی.
6- روحانی، ماجد مەردۆخ (2020)، فەرهەنگی زانستگای کوردستان، بەرگی سێیەم پەخشانگای زانستگایی کوردستان, سنە.
7- سنەیی،سۆران (1991)، رسالە عشق لەمولەوی ناسیدا، چاپی یەکەم، ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ وئەدەبی کوردی، بەبێناوی شوێنی چاپ.
8- شاهین، هیمداد (2012)، مەحوی ناسی، کتێبی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.
9- شکار، سەبور عبدالکریم (2014)، چەمکی ژیان و مردن لە شیعری مەولەوی و مەولانای ڕۆمیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، تاران.
10- شکار، سەبور عبدالکریم (2014)، ڕەنگدانەوەی کەسێتی و دنیابینی حەلاج لە شیعری کلاسیکی کوردی و فارسیدا بە تایبەت لای مەحوی و حافزی شیرازی، چاپی دووەم، ناوەندی غەزەلنوس, تاران.
11- شوان، ئیبراهیم احمد (2010)، فەرهەنگی سۆفیانەی دیوانی جزیری و مەحوی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
12- شوان،ئیبراهیم احمد (2021)،شیعری سۆفیانە لە ئەدەبی کۆنی کوردیدا، چاپی یەکەم ، نوسینگەی تەفسیر،هەولێر.
13- کەسنەزانی و بەرزنجی، بوشرا و سەباح ( ٢٠٢٣ )، فەرهەنگی پیران، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.
14- محمد، ئەنوەر قادر (2018)، لیریکای شاعیری گەورەی کورد مەولەوی، بەرگی یەکەم، چاپی چوارەم ، بەرگی دووەم ، چاپی یەکەم. چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی.
15- مەولەوی، سەید عەبدوڕڕەحیمی کوڕە مەلا سەعید (1391)، کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە و لەسەر نوسینی: مەلا عبدالکەریمی مودەڕریس، چاپی دووەم، انتشارات کردستان، سنە.
16- نادر، یاسین (2019)، چەمکێك لە عیرفانی مەولانای ڕۆمی، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.
17- هەرشەمیی، شاسوار (2022)، فەرهەنگی ئیتمۆلۆژی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، تاران.
18- ئەدهەم، موسعەب (2017)، عیشقنامە، چاپی یەکەم، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، سلێمانی.

**کتێب بە زمانی عەرەبی:**

19- حلمی، محمد مصطفی (1960)، الحب الاهی فی التصوف الاسلامی، وزارة ثقافه و الارشاد القومی، مصر.

20- العربی، محمد بن علی بن محمد بن (1270)، الفتوحات المکیة، الطبعة الاولی، دار الکتب العربیة کبری، القاهرة، مصر.
21- ماسیشیون و بول، لویس و کراوس (2006)، اخیار حلاج أو مناجیات الحلاج، التکوین للطباعه و نشر، دمشق.

**کتێب بە زمانی فارسی:**

22- احمدی، بابك، چهار گزاره از تذکره الاولیا، مرکز نثر.
23- استرنبرگ، رابرت (1396)، قصه عشق، ت:علی اصغر بهرامی، جوانه، تهران.
24- بقلی، روزبهان (1351)، رساله القدس و غلطات السالکین، ت: محمد جواد نور بخش، تهران.
25- بقلی، روزبهان (1383)، عبر العاشقین، به کوشش هانری کرین و محمد معین، انتشارات منوچهری، تهران.
26- جامی، عبدالرحمن (1379)، بهارستان، میرات مکتوب، تهران.
27- سجادی، سید جعفر (1393)، فرهنگ اصطلاحات و تعبیرات عرفانی، چاپ دهم، انتشارات طهوری، تهران.
28- فروم، اریك (1398)، انسان برای خویشتن، ت: علی اکبر تبریزی، چاپ دهم، بهجت، تهران.
29- فیشر، هلن (1397)، چرا عاشق می شویم، ت: سهیل سمی، چاپ سوم، ققنوس، تهران.
30- گلسر، ولیام (1396)، تئوری انتخاب، ت: علی صاحبی، چاپ چهاردهم، سایه خان، تهران.
31- میرا خوری، قاسم (1381)، مکاشفات صوفیان، انتشارات شفیعی، تهران.
32- نوربخش، جواد (1384)، در خرابات، چاپ چهارم، انتشارات پیدا قلم، تهران.
33- یثربی، سید یحیی (1387)، فلسفه عرفان، چاپ ششم، مؤسسه بوستان کتاب، قم.
34- ابادی, ولی محمد اکبر (1386), شرح مثنوی موسوم به مخزن الاسرار, جلد اول, چاپ دووەم, نشر قطرة, ایران.
35- نثری, موسی (1396), نثر و شرح مثنوی, دفتر اول و دوم, ضاث اول, بنطاة ترجمة و نشر کتاب ثارسة, تهران.
36- نثری, موسی (1396), نثر و شرح مثنوی, دفتر سوم و ضهارم, ضاث اول, بنطاة ترجمة و نشر کتاب ثارسة, تهران.
37- بلخی, مولانا جلال الدین محمد (1390), مثنوی معنوی,چاپ اول, دفتر نشر مصطفی, قم.
38- ابادی, ولی محمد اکبر (1386), شرح مثنوی موسوم بة مخزن الاسرار, جلد پنجم, چاپ دووەم, نشر قطرة, ایران.
39- مولوی, جلال الدین (1380), کلیات شمس تبریزی, تصحیح: بدیع الزمان فروزانفر, ضاث اول, دوستان, تهران.

گۆڤار بە زمانی فارسی:

40- ابادی و واردی، حسین و سارا (1400)، زرین تاج، نظریه مثلث عشق استنبرگ و انطباق ان با دو منظومه خسروشیرین نظامی و ویس و رامین اسعد گرگانی، سبك شناسی نظم و نثر فارسی (بهار ادب)، دوره 14،شماره 4.
41- مجد، امید (1390)، پروانه، نظریه مثلث عشق استنبرگ و انطباق ان با عقاید سعدی، زن در فرهنگ هنر، دوره 2، شماره 4.

# محبة الله بين مولوي تاجوزي ومولانا رومي

## ملخص البحث

العشق الحقيقي هو عشق الله، فإذا ما كان العشق يأتي بمعنى الإعجاب بجمال الإنسان والمخلوقات أو جمال الأخلاق، أليس الله هو مصدر الجمال بأنواعه؟ لذا، فإن عشق جمال المخلوقات عند العارفين هو الطريق للوقوع في عشق الله. ومن ثم العشق الإلهي يجلب عشق الإنسان والطبيعة والمخلوقات وحتى الحجارة والأشجار والحيوانات، وإذا نظرنا إلى العشاق الكبار والصوفيين مثل رابعة العدوي ومولانا الرومي والحافظ وابن عربي ومولوي ومحوي نحس بالعشق العميق الذي يكنوه للإنسان في دواخلهم، لدرجة الاهتمام بمعارضيهم وأعدائهم. العشق الحقيقي هو الاشتعال بأسماء الله الحسنى، والاندماج بها، حتى الوصول الى قوله تعالى في الحديث القدسي ((...فإذا أحببته كنت سمعه الذي يسمع به وبصره الذي يبصر به ويده التي يبطش بها ...)، وهذا هو درجة الولي، فأولياء الله أولياء لدى الناس أيضا، ويعلن الله محبتهم بين الناس.

وفي هذا السياق إذا أردنا تعريف العشق، فنحن على دراية بأن التعريف يكون للأشياء الملموسة والعلمية، أي ما هو شائع ومنتشر، والعشق من المفاهيم التي ليس من السهل تعريفها مثل الاشياء المعروفة، لاتعريفه حسب، بل ليس من السهل الخوض فيه وتمييزه في اللغة والكتابة والكلام. يمكننا أن نصنع للعشق معان لغوية وثقافية، ولكن لا يمكننا إعطاء تعريف وافٍ. هناك أشياء كثيرة أصغر من العشق لا نستطيع تعريفها أو التعبير عنها، مثلا: رائحة الزهرة أو جمالها، يمكنك القول أن الزهرة جميلة أو رائحتها طيبة، ولكنك لاتستطيع تجسيد راحتها او جمالها و كتابتها، من أجل ان تكون قادرا على الاحساس برائحتها عليك أن تشم أنفاسك الممزوجة وأن ترى الألوان الممزوجة في نظرك، أي أن تكون في خلوة معهم. العشق كما ذكر ابن عربي ومولانا الرومي وغيرهما من المتصوفة لا بد من تذوقه ثم الشعور به، ولذلك فإن بحثنا يدور حول (عشق الله بين المولوي التاوگوزي ومولانا الرومي)، وهو دراسة مقارنة وينقسم على فصلين:

تناول الفصل الأول مفهوم العشق وطبيعته، وينقسم على مبحثين، المبحث الأول تناول مصطلحات ومفاهيم العشق، والمبحث الثاني خصص لأنواع العشق.

أما الفصل الثاني فيتكون من ثلاثة مباحث، المبحث الأول يتناول العشق الإلهي عند مولوي، والمبحث الثاني يتناوله عند مولانا، أما المبحث الثالث والأخير فيتناول نقاط التشابه والاختلاف بين الشاعرين حول هذا النوع من العشق. وقدتم اعتماد المنهج الوصفي التحليلي في الدراسة. وأخيراً تم عرض نتائج البحث ومصادره وملخصه باللغتين الإنجليزية والعربية. .

الكلمات المفتاحية: (الله، العشق، الدين، مولوي، مولانا، المعشوق)

# The love of God between Maulavi Tawgozi and Maulana Rumi

**Summary of the Research:**

True *ishq* (transcendental love in Sufism) is the *ishq* for God. If *ishq* in one meaning, is being astonished by the beauty of humans, creatures and manners, is it not that God is the source of all the types of beauty? Thus, for the Arifs (people of high gnosis in Sufism), being in love with the beauty of creatures is the path for being in love with God. Eventually, the divine *ishq* brings the *ishq* of human, nature, creatures and even inanimate objects and animals. If we look at the mystics and the great Arifs such as Rabiaa Adawi, Mawlana Rumi, Hafiz, Ibn-Arabi, Mawlawi and Mahwi, we see their deep and affectionate *ishq* for humans and other creatures to the extent of enthusiasm for their opponents as well. True *ishq* is flaming for the names of God and blending with them to the extent that God says, “I become his [God’s servants’] sight with which he sees, and his hand with which he strikes…” till the end of the Hadith. This is the status of *wali* (friend of God in Sufism); God’s *awliya* (plural of *wali*) are also friends among people, i.e. God bestows cordiality upon them among people.

From this perspective, if we want to introduce *ishq*, we know that definition is given to the objects which are tangible. Definition is often linked with science and the things that are familiar to people or people have often dealt with. However, *Ishq* is among the concepts which cannot be easily defined and not only that, but also explaining and distinguishing it linguistically and in writing is not an easy task. We can explain *ishq* from a linguistic and cultural perspective, but we cannot define *ishq*. There are other smaller things than *ishq* that we cannot define or express either such as the scent or the aesthetics of a flower. You can only say a flower is beautiful or it has a nice smell but you cannot write down or make that beauty or smell tangible. So, to feel its beauty and nice smell you have to blend the smell with your breath and blend its appearance and beauty with your sight; that is to reflect on them in solitude. *Ishq* is to be savored and then felt, as Ibn-Arabi, Mawlana Rumi and other Arifs explain it. In this regard, our research is entitled “The *Ishq* of God between Mawlawi Tawagozi and Mawlana Rumi” which is a comparative study and it is divided into two sections:

Section one explains the concept and importance of *ishq* and it is further divided into two subsections. The first one deals with the term and concept of *ishq* while the second one is dedicated to three points: types of *ishq*, *ishq* in philosophy, and *ishq* in religion.